# چاپکراوی نوێ

ئەستێرەی ژەنیار، ناوونیشانی نۆڤلێتێکە دڵزار حەسەن نووسیویەتی و لە بڵاوکراوەکانی ماڵی کتێبە و ساڵی ٢٠١٩ چاپکراوە، نۆڤلێتی ئەستێرەی ژەنیار، ئیشکردنە لە ناو ڕۆحی کەسێک کە لە دوو دنیای جیاوازدا دەژێت، لەلایەک وەک کوڕە خانەدان و میر و پاشا دەردەکەوێت، لەلایەکی دیکەوە ئارەزووی لە مۆسیقا و دنیای پڕ لە پاکی هونەر دەبێت کە لای دەبێتە عیشق و حاڵەتێکی شێتی. ئەم دوو دنیا جیاوازە لەگەڵیدا گەورە دەبێت و لە ململانێیەکی قووڵی دەروونیدا لەگەڵیدا دەجەنگێت، تا گەیشتن بە ئەوجی شەیدابوون. ئەم دیاردەیە لە ڕەفتار و دەروونی میر محەمەد هەمیشە وەک حاڵەتێکی نا هاوسەنگ و جیاواز دەردەکەوت، بە جۆرێک دەمێک خەیاڵی بۆ لای پاشایەتی و کورسی و دەسەلات دەچوو، دەمێک ڕۆدەچێت بۆ نێو جیهانی مۆسیقا و دەنگی نایی. لەم ڕۆمانەدا جیاواز لە ڕۆمانەکانیدا کە بەردەوام مرۆڤەکان دەکرێن بە پاڵەوان، بەلام لە ڕۆمانی ئەستێرەی ژەنیاردا پاڵەوان مۆسیقایە، ئاواز و دەنگی نایە کە لە ڕۆحی یاسەمینی دڵشیرین خۆی نمایشکردووە.. پیرۆزبایی لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس دڵزار حەسەن دەکەین بۆ ئەم نۆڤلێتە، بە هیوای بەردەوام بوون و بەرهەمی زیاتر..





# کۆدی قارەمانیەتی پێشمەرگە دەرگای کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەوڵەتیی (میونشن)ی بۆ کوردستان کردەوە



لە رۆژی ٢٤ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٥ و لە ٤٥ـەمین کۆڕبەندی ئابووریی نێودەوڵەتی لە داڤۆس، یەکێك لە پەنێڵەکان بۆ چارەنووسی (ئایندەی سوپا — The Future of Military) لە جیهاندا تەرخان کرابوو، ئامادەبووانی ئەم پەنێڵە بریتی بوون لە:

- د. رۆژ نوری شاوەیس، فەرمانەدەی پێشمەرگە و جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق.
- خوان کارلۆس بینزۆن وینۆ، وەزیری بەرگریی کۆلۆمبیا.
- جۆزیف نای، بیرمەندی ستراتیژیی سەربازی و یاریدەدەری پێشووی وەزیری بەرگریی ئەمریکا.
- ڤۆلفگانگ ئیشنگر، دیپلۆماتکاری ئەڵمانی و سەرۆکی کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە میونشن.
- کۆرت والتەر تید، یاریدەدەری سەرۆکی هێزە هاوبەشەکانی ئەمریکا.

ناوەرۆکی ئەم پەنێڵە بۆ ئەوە تەرخان کرابوو، ئایا ئەو سوپایەی کە پێویستە بۆ ئایندەی شەڕی تیرۆریستان هەبێت و بتوانێت لە سەر زەوی تیرۆریستانی داعش تێك بشکێنێت و، ئەوانەشی بانگهێشتی ئەم پەنێڵە کرابوون، هەر یەکەیان خاوەن ئەزموون و تایبەتمەندییەکی بەرچاو بوون لە شەڕی تیرۆریستان و گرووپە توندڕەوەکان، بەمجۆرە:

١. د. رۆژ نوری شاوەیس لەگەڵ ئەوەی وەك جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق ئامادە بوو، بەڵام پێشکەشکاری پەنێڵەکە وەك فەرماندەیەکی مەیدانیی پێشمەرگە ناساندی و ئاماژەی بەوە کرد کە یەکێکە لە فەرماندە مەیدانییەکانی هێزی پێشمەرگە لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش.

٢. خوان کارلۆس بینزۆن وینۆ، وەزیری بەرگری ئەو کاتی کۆلۆمبیا، ئەزموونێکی گەورەی لەگەڵ شەڕی دژی ئەو گرووپە چەکدارانە هەبووە، کە قاچاخچێتی ماددەی هۆشبەریان دەکرد، ئەم گرووپانە خاوەنی زۆر چەکی پێشکەوتوو بوون و توانیبوویان رووبەڕووی حکومەتی کۆلۆمبیا رابوەستنەوە.

٣. جۆزیف نای، جیا لەوەی ماوەیەکی زۆر یاریدەدەری وەزیری بەرگریی ئەمریکا بووە، لە هەمانکاتدا یەکێکە لە بیرمەندە گەورەکانی بواری (هێز و ستراتیژیەتی سەربازی)، هەروەها خاوەنی کتێبەکانی (هێزی نەرم) و (ئایندەی هێز)ـە و چەندین وتار و لێکۆڵینەوەشی لەسەر ئایندەی سوپا لە جیهاندا نووسیوە.

٤. ڤۆلفگانگ فێردریش ئیشنگێر، ئەمیشیان جیا لەوەی لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٨-٢٠٠١ جێگری وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا بووە و لە ٢٠٠١-٢٠٠٦ باڵیۆزی ئەڵمانیا بووە لە ئەمریکا، لەساڵی ٢٠٠٨یشەوە بۆتە سەرۆکی کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە میونشن.

٥. کۆرت واڵتەر تید، یەکێکە لە ئەدمیراڵە دیارەکانی ئەمریکا و ئەوکات ئەزموونی ٢٧ ساڵی کاری مەیدانی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا لە سەرانسەری جیهان بووە و، وەك نوێنەری سەربازیی ئەمریکا لەو پرسە گرنگەدا بەشداری کردبوو.

لەناو ئەم پەنێڵە ستراتیژی و سەربازییە جیهانییەدا، ئەزموونی قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەتاڵکردنەوەی ئەفسانەی داعش، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەزموونی قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگە ببێتە تەوەرێکی سەرەکی لە کۆنفرانسی (٥١)ـەمینی کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەوڵەتیی داڤۆس و، ئامادەبووانی کۆنفرانسەکە لە زاری ئەو رێبەرە سەربازییەوە بە ئەزموونی قارەمانیەتی پێشمەرگە ئاشنا بن، هەر لەناو پەنێڵەکەوە، ڤۆلفگانگ فێردریش ئیشنگێر سەرۆکی کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە ئامادەبووانی داڤۆسی راگەیاند، کە بۆ کۆنفرانسی ئەمساڵی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە میونشن (٦-٨ی ٢ی ٢٠١٥)، بە شەخسی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانم بانگهێشت کردووە، لەبەر ئەوەی ئەو سەرۆکە خۆی بە شێوەیەکی مەیدانی سەرۆکایەتیی هێزی پێشمەرگەی کردووە لە بەتاڵکردنەوەی ئەفسانەی تیرۆریستانی داعشدا.

لە کۆنفرانسی (٥١)ـەمینەوە لە شوباتی ٢٠١٥ هەتا شوباتی ٢٠٢٠ ئەمە شەشەمین جارە لەسەر یەك کوردستان بە فەرمی دەبێتە ئەندامی کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە میونشن، کۆدی کردنەوەی دەرگای ئەم کۆنفرانسەش بۆ کوردستان بە هاوشێوەی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری، قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە لە شەڕی دژی داعش.

**کاتێک سەرۆک مسعود بارزانی کۆشکی سەرۆکایەتی بەجێهێشت و جارێکی دیکە بووەوە بە پێشمەرگەکەی ساڵی ١٩٦٢ و چووەوە سەنگەرەکانی پێشمەرگە، لە ماوەی چەند رۆژێکدا مەخموور لە دەستی تیرۆریستانی داعش رزگار کردەوە و لە زومار و ناوچەکانی دیکەی دەشتی نەینەوا و دەوربەری چیای شنگال، هێرشی تیرۆریستانی داعش راگیراو ناچارکران پاشەکشە بکەن**

**لە کۆنفرانسی (٥١)ـەمینەوە لە شوباتی ٢٠١٥ هەتا شوباتی ٢٠٢٠ ئەمە شەشەمین جارە لەسەر یەک کوردستان بە فەرمی دەبێتە ئەندامی کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە میونشن، کۆدی کردنەوەی دەرگای ئەم کۆنفرانسەش بۆ کوردستان بە هاوشێوەی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری، قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە لە شەڕی دژی داعش**

**مەترسیی سەرهەڵدانی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش و دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامیی داعش، کە پاشان بەشی هەرە زۆری رێکخراوە تیرۆریستییەکان (هەر لە پاکستانەوە تا نەجیریا) بەیعەتیان پێ دا، بووە گەورەترین هەڕەشە لەسەر تەواوی ئاسایشی نێودەوڵەتی**

**● بایەخی ئەندامیەتی کوردستان لە کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەوڵەتیی میونشندا**

پێش ئەوەی باس لە بایەخی ئەندامیەتی کوردستان (وەك هەرێمێك) لەم کۆنفرانسە جیهانییەدا بکەین، دەبێت ئەوە بڵێین: کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی یەکێکە لە گەورەترین و گرنگترینی ئەو کۆنفرانسانەی کە قسە لەسەر سیاسەتی ئاسایش لەسەر ئاستی هەموو جیهان دەکات، بە سەدان کەسایەتیی خاوەن بڕیاریش کە تایبەتمەندن لە بوارەکانی سیاسەتی سەربازی و ئەمنی لە دەوڵەتە جیاوازەکانی جیهانەوە لەم کۆنفرانسەدا بەشداری دەکەن و، باس لەو چەلێنجانە دەکەنەوە کە لە ئێستادا ڕووبەڕووی ئاشتی و ئاسایشی جیهان دەبنەوە.

کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەوڵەتی میونشن کە لە ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن توێژەرێکی ئەڵمانی بە ناوی ئیوالد فۆن کلاسیت دامەزراوە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڕەشە و مەترسییە گەورەیەی کە تەنگژەی کەنداوی بەرازان لە نیسانی ١٩٦١ لە کوبا دروستی کرد و، لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٢ خەریك بوو بگاتە ئەوەی شەڕی سێیەمی جیهانی لەنێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشان دروست بێت.

ئامانجی ئەم کۆنفرانسە لە سەرەتاوە تا ساڵی ١٩٩١ تایبەتمەندیی خۆی هەبووە و، تەنیا بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەو سیستمە بووە کە پێیان دەگوت «سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی» و ئەندامانی ئەم کۆنفرانسە سنووردار بوون و پەنێڵ و وتووێژەکانی ناو کۆنفرانسەکە بەشێکی زۆری نهێنی بوون، بەڵام دوای ساڵی ١٩٩١ و نەمانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان، گۆڕینی سیستمی (لیبراڵیی نێودەوڵەتی) بۆ ئەو سیستمەی جۆرج بوشی باوك ناوی لێ نا: «سیستمی نوێی جیهان»، ئەرك و ئامانجی ئەم کۆنفرانسە گۆڕدرا بۆ پاراستنی ئەو سیستمی نێودەوڵەتییە جیهانییە.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٩١ – ٢٠١٤، وەك لە پێشەکیی ڕاپۆرتی ئاسایش بۆ کۆنفرانسی (٥١)ـەمینی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئاماژەی پێکراوە، هیچ بیرمەندێك، یان سیاسەتمەدارێك مەزندەی ئەوەی نەکردووە کە لە ساڵی ٢٠١٤ ئەو مەترسی و هەڕەشانە بگەنە ئەو ئاستەی کە سیستمی نوێی جیهان لەبەریەك هەڵبوەشێنێتەوە، هەر بۆ نموونە:

١. هیچ بیرمەندێکی ستراتیژی، یان هیچ خاوەن بڕیارێك لە بواری سیاسەتی ئەمنی و سەربازی، مەزندەی ئەوەی نەکردبوو کە ڕووسیا ریفراندۆم لە کریما ئەنجام دەدات و پاشان خاکەکەی دەلکێنێت بە ڕووسیاوە.

٢. کەس مەزندەی ئەوەی نەکردووە، ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش کە لە سەرەتای ٢٠١٤خۆی ڕاگەیاندووە، لە ناوەڕاستی هەمان ساڵدا، مووسڵ و چەند شارێکی دیکەی عێراق داگیردەکات و لەسەر یەك لەسەر سێی خاکی سووریا و عێراق، خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی تێدا ڕابگەیەنێت.

٣. کەس مەزندەی ئەوەی نەکردبوو، کە تەواوی ناوچەکانی باکووری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبنە هەرێمێکی شکستخواردوو، کە ڕۆژئاوا جڵەوگیریی خۆی لەو ناوچەیە لەدەست دەدات و زەمینە بۆ گەڕانەوەی ڕووسیا بۆ ناوچەکە خۆش دەبێت.

٤. کەس بیری لەوە نەکردبووەوە کە ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٤ لەسەر ئاستی جیهان دەبنە سەرەتای کۆتایی سیستمی نوێی جیهان و دوورکەوتنەوە لە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی و نەمانی دیاردەی فرەکولتووری لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و سەرهەڵدانی سەرکردەی پۆپۆلیستی.

بەڵام لەناو ئەم کێشە و هەڕەشە جۆراوجۆرانەدا، مەترسیی سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش و دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامیی داعش، کە پاشان بەشی هەرە زۆری ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان (هەر لە پاکستانەوە تا نایجیریا) بەیعەتیان پێ دا، بووە گەورەترین هەڕەشە لەسەر تەواوی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەوەشی مەترسییەکەی زۆر گەورە کردبوو، ئەوە بوو، کە دەوڵەتانی جیهان بەگشتی و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی، ئەو هێزەیان لەسەر زەوی نەبوو کە سنوورێك بۆ هێرشە تیرۆریستییەکانی هێزەکانی داعش دابنێت و، تیرۆریستانی داعش ببوونە ئەو ئەفسانەی هەرگیز لە شکاندن نەیەن، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەش، ئەو پسپۆڕ و خاوەن بڕیارانەی کە ڕاپۆرتی ئاسایشیان بۆ (٥١)ـەمین کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەوڵەتیی میونشن ئامادە کردبوو، ئەم ناونیشانەیان بۆ دانابوو:

**هێزی پێشمەرگەش دوای ئەوەی پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی بۆ دروست بوو، نەک هەر توانی لە هەرێمی کوردستان ئەفسانەی داعش بەتاڵ بکاتەوە، بەڵکو کاتێک مەترسی کەوتە سەر ئەوەی کۆبانێ بکەوێت، جارێکی دیکە سەرۆک مسعود بارزانی نامەیەکی بۆ پەرلەمانی کوردستان نارد، کە بڕیارێک دەربکەن، بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە بچێت بۆ کۆبانی، ئەم داوایەی سەرۆک بارزانی بۆ بەهاناوەچوونی کۆبانێ و دوورخستنەوەی لە کەوتن، لە کاتێکدا بوو، ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیا لە ئازەربایجانەوە هەواڵی کەوتنی کۆبانێی بڵاو دەکردەوە**

**دوای سەرکەوتنە دیارەکانی هێزی پێشمەرگە و دووبارە گێڕانەوەی سەقامگیریی بۆ هەرێمی کوردستان، فرانسۆ هۆلاند سەرۆکی فەرەنسا لە ئەیلوولی ٢٠١٤ سەردانی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی کرد و سڵاوی بۆ ئاڵای کوردستان و سروودی نیشتمانیی ئەی ڕەقیب کرد**



**وەک ڕێزلێنانێک لە شکۆی مسعود بارزانی و، پێش گرێدانی کۆنفرانسی ٥١ی میونشن لە شوباتی ٢٠١٥، پەرلەمانی ئەڵمانیا ئەو یاسایەی هەڵوەشاندەوە کە ڕێگر بوو لە هەناردەکردنی چەکی ئەڵمانیا بۆ دەرەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو کە حکومەتی ئەڵمانیا بتوانێت، ڕۆکێتی تانک شکێنی (میلان) بنێرێت بۆ هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان**

«لەبەریەك هەڵوەشانی سیستم و بێدەسەڵاتیی پاسەوانەکانی - Collapsing Order، Reluctant Guardian»، ئەم ناونیشانە و ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە جەخت لەسەر سێ خاڵی گرنگ دەکەنەوە، کە بریتین لە: (١- کەس ناتوانێت مەزندە بکات، ٢- کەس ناتوانێت چارەسەر بدۆزێتەوە، ٣- کەس ناتوانێت بڕیار بدات).

ئەم پرسە ئاوا بە هەڵواسراو مایەوە، هەتا داعش لە ٢ی ئابی ٢٠١٤ هێرشی کردە سەر هەرێمی کوردستان و شنگال و مەخموور و چەند شوێنێکی دیکەی لە دەشتی نەینەوا داگیر کرد، بەڵام کاتێك سەرۆك مسعود بارزانی کۆشکی سەرۆکایەتی بەجێهێشت و جارێکی دیکە بووەوە بە پێشمەرگەکەی ساڵی ١٩٦٢ و چووەوە سەنگەرەکانی پێشمەرگە، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا مەخموور لە دەستی تیرۆیستانی داعش رزگار کردەوە و لە زومار و ناوچەکانی دیکەی دەشتی نەینەوا و دەوروبەری چیای شنگال، هێرشی تیرۆریستانی داعش ڕاگیراو ناچارکران پاشەکشە بکەن. دیارە ئەم جووڵەیەی مسعود بارزانی لە شەری دژی تیرۆریستانی داعش، بە هاوشێوەی جووڵەکەی قوستەنتەنین لە ڕۆماوە بۆ ئەستەنبووڵ، هەموو شتێکی لە تەواوی ژیانی مرۆڤایەتی گۆڕی و جیهان ئومێدێکی بۆ دروست بوو، کە ئەو هێزەی دەتوانێت لە سەر زەوی تیرۆریستانی داعش تێك بشکێنێت، هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.

دیارە دوای پیشاندانی ئەم قارەمانیەتەی پێشمەرگە، باراك ئۆباما سەرۆکی ئەوکاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە شەوی ١١ی ئابی ٢٠١٤ بڕیاری دا، بە ڕێگەی هێزی ئاسمانی هاوکاریی هێزی پێشمەرگە بکات، هێزی پێشمەرگەش دوای ئەوەی پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی بۆ دروست بوو، نەك هەر توانی لە هەرێمی کوردستان ئەفسانەی داعش بەتاڵ بکاتەوە، بەڵکو کاتێك مەترسی کەوتە سەر ئەوەی کۆبانێ بکەوێت، جارێکی دیکە سەرۆك مسعود بارزانی نامەیەکی بۆ پەرلەمانی کوردستان نارد، کە بڕیارێك دەربکەن، بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە



بچێت بۆ کۆبانی، ئەم داوایەی سەرۆك بارزانی بۆ بەهاناوەچوونی کۆبانێ و دوورخستنەوەی لە کەوتن، لە کاتێکدا بوو، رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیا لە ئازەربایجانەوە هەواڵی کەوتنی کۆبانێی بڵاو دەکردەوە. هەروەها بیرمەندێکی ستراتیژی و سەربازیی وەك ماکس بووت کە خاوەنی کتێبی (سوپای نەبینراوە) بە ئاشکرا رەخنەی لە سەرۆك ئۆباما دەگرت و رایدەگەیاند، هیچ هێزێك ناتوانێت کۆبانێ لە کەوتن بپارێزێت، هەتا ئەگەر بشتواندرێت هێزی تیرۆریستانی داعش رابگیردرێن، ئەوا دەبێت ئەمریکا دەستبەرداری بێت و جارێکی دیکە تیرۆریستانی داعش داگیری دەکەنەوە.

بەڵام لە ماوەی ٢ی ئابی ٢٠١٤ — ٢١ی ١٢ی ٢٠١٤، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە رابەرایەتیی مسعود بارزانی توانیی ئەم سەرکەوتنانە تۆمار بکات و هەموو جیهان دوچاری سەرسوڕهێنان بکات:

١. دوای سەرکەوتنە دیارەکانی هێزی پێشمەرگە و دووبارە گێڕانەوەی سەقامگیریی بۆ هەرێمی کوردستان، فرانسۆ هۆلاند سەرۆکی فەرەنسا لە ئەیلوولی ٢٠١٤ سەردانی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی کرد و سڵاوی بۆ ئاڵای کوردستان و سروودی نیشتمانیی ئەی رەقیب کرد.

٢. هەر لە ئەیلوولی ٢٠١٤ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا دامەزرا و ستراتیژیەتی خۆی بۆ کۆتاییهاتن بە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش راگەیاند.

٣. هێزی پێشمەرگەی کوردستان تەواوی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و دەشتی نەینەوا و تەنانەت لە ٢١ی ١٢ی ٢٠١٤ چیای شنگالی لە دەستی تیرۆریستانی داعش رزگار کرد.

٤. هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی، تورکیایان ناچار کرد، هێزی پێشمەرگە بەناو خاکی تورکیادا بچێتە کۆبانێ و، بە چوونی هێزی پێشمەرگەش نەك هەر مەترسیی کەوتنی کۆبانێ دوور کەوتەوە، بەڵکو هەوڵەکان پێچەوانە بوونەوە و وردە وردە پێشڕەویی شەڕڤانان

**بوونی هەرێمی کوردستان بە ئەندامێکی هەمیشەیی کۆنفڕانسی ئاسایشی نێودەوڵەتی — میونشن و بەشداریکردنی لە ماوەی شەش ساڵی لەسەر یەکدا، بایەخ و پێگەی کوردستانی بە هاوشێوەی تایوان بەرزکردۆتەوە، جیا لەوەی ئەم پێگەیەی ئێستای کوردستان بۆتە هۆکاری ئەوەی هەرێمی کوردستانیش پەیوەندیی نێودەوڵەتی و دیپلۆماتی لەگەڵ بەشێکی زۆری دەوڵەتانی جیهان هەبێت، بە هەر پێنج دەوڵەتە گەورەکەی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشەوە**



بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگە بۆ تێکشکاندنی داعش دەستی پێکرد، پێش ئەوەی سەرۆك مسعود بارزانی بەرەو میونشن بەڕێ بکەوێت.

٥. وەك ڕێزلێنانێك لە شکۆی مسعود بارزانی و، پێش گرێدانی کۆنفرانسی ٥١ی میونشن لە شوباتی ٢٠١٥، پەرلەمانی ئەڵمانیا ئەو یاسایەی هەڵوەشاندەوە کە ڕێگر بوو لە هەناردەکردنی چەکی ئەڵمانیا بۆ دەرەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو کە حکومەتی ئەڵمانیا بتوانێت، ڕۆکێتی تانك شکێنی (میلان) بنێرێت بۆ هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان.

ئەم خاڵانە کە تەنیا بەشێکن لە بایەخی هەرێمی کوردستان و سوپا قارەمانەکەی (هێزی پێشمەرگە) بۆ سیاسەتی ئاسایشی جیهانی، کوردستانی کردۆتە ئەندامی ئەو کۆنفرانسە گەورە و گرنگەی کە ساڵانە باس لە سیاسەتی ئاسایش و سەربازیی هەموو جیهان دەکات و، دەبێت کوردستان کە لە ئێستادا تەنیا هەرێمێکە لەسەر ئاستی عێراق، وەك دەوڵەتێکی ئەمری واقیع بۆ سیاسەتی ئاسایش و سەربازیی جیهان گوێی لێ بگیرێت و ئیعتوباری هەبێت.

ئەوجا ئەگەر لەلایەکی دیکەوە سەیری ئەم پرسە بکەین و، بە دیوەکەی دیکە بایەخ و گرنگیی کۆنفرانسی ئاسایشی جیهان – میونشن بۆ هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێ بکەین، ئەوا دەگەینە ئەو قەناعەتەی چۆن تایوان کە لە ئێستادا دەوڵەتێکی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان نییە، بەڵام پێشکەوتنی پیشەسازی و بازرگانییەکەی لە ئاستێکدایە کە ببێتە ئەندامی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی (WTO)، ئەم ئەندامبوونەشی لەو ڕێکخراوە بۆتە هۆکارێك کە لە ئێستادا تایوان پەیوەندیی دیپلۆماتی لەگەڵ نزیکەی ٧٠ دەوڵەتی جیهان هەبێت، هەروەها ڕێگریش بێت لەوەی ببێتەوە بە پارچەیەك لە کۆماری چینی میللی، بە هەمان شێوە بوونی هەرێمی کوردستان بە ئەندامێکی هەمیشەیی کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەوڵەتی – میونشن و بەشداریکردنی لە ماوەی شەش ساڵی لەسەر

**پێناچێت ئەو بەها و سیاسەتە هاوبەشانەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوای لەسەر ئاستی سیاسەتی ئاسایش و سەربازی و هەروەها سیاسەتی ئابووری و بازرگانی پێکەوە کۆدەکردەوە، ئێستا ئەو بۆندە هاوبەشانە بەو بەهێزییەی جارانیان مابن، یان هەوڵدان بۆ دروستکردنەوەی ئەو بۆندانە هێندە کارێکی ئاسان بێت**



یەکدا، بایەخ و پێگەی کوردستانی بە هاوشێوەی تایوان بەرزکردۆتەوە، جیا لەوەی ئەم پێگەیەی ئێستای کوردستان بۆتە هۆکاری ئەوەی هەرێمی کوردستانیش پەیوەندیی نێودەوڵەتی و دیپلۆماتی لەگەڵ بەشێکی زۆری دەوڵەتانی جیهان هەبێت، بە هەر پێنج دەوڵەتە گەورەکەی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشەوە، لە هەمانکاتدا ئەم پێگەیەی کوردستان، دیسان رێگرە لەوەی حکومەتی بەغدا، یان دەوڵەتی عێراق، بیر لەوە بکەنەوە کە ئەمری واقیعی هەرێمی کوردستان لەبەر چاو نەگرن و، هەوڵبدەن دووبارە کوردستان داگیربکەنەوە.

## ● نیگەرانییەکانی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان لە ٢٠٢٠

کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەوڵەتی — میونشن لە کۆنفرانسەکەی شوباتی ٢٠١٥، پێش کردنەوەی کۆنفرانسەکە راپۆرتێکی گرنگی لەسەر سیاسەتی ئاسایش و سەربازیی تەواوی جیهان بەگشتی و دەوڵەتانی رۆژئاوا بەتایبەتی بڵاو کردەوە و، تەنیا شەش ساڵیشە پێشوەختە ئەم راپۆرتە ئامادە دەکات و، لە ٥٠ کۆنفرانسەکەی پێشتردا ( ١٩٦٣-٢٠١٤) هیچ راپۆرتکیان پێش گرێدانی کۆنفرانسەکە بڵاو نەکردۆتەوە.

ئەوجا ئەگەر ناونیشانی راپۆرتی ئەم شەش ساڵەی دوایی بکەین کە کوردستانیش بە فەرمی بانگهێشت کراوە، ئەوا ئەم ناونیشانانە دەبینین:

- ٢٠١٥: لەبەریەك هەڵوەشانەوەی سیستەم. بێدەسەڵاتیی پاسەوانەکانی - Collapsing Order، Reluctant Guardians
- ٢٠١٦: تەنگژە بێ سنوورەکان. بە هەدەردەرە هەڵەشەکان. پاسەوانە دەستەوەستانەکان - Boundless Crisis، Reckless Spoilers، Helpless Guardians
- ٢٠١٧: پۆست راستگۆیی، پۆست رۆژئاوا، پۆست سیستەم - Post-Truth، Post-West، Post-Order
- ٢٠١٨: گەیشتنە سەر هەڵدێر و گەڕانەوە - To the Brink – and Back
- ٢٠١٩: لوغزە گەورەکە: کێ پارچەکانی کۆدەکاتەوە - The Great Puzzle: Who Will Pick Up

**فیدراسیۆنی یەکێتی ئەوروپا وەک یانەیەکی بەهێزی ئابووری و هاوپەیمانیی دەوڵەتانی باکووری ئەتڵەسی وەک یانەیەکی سەربازیی بەهێز، لە ژێر کاریگەریی نەتەبایی خودی دەوڵەتانی رۆژئاوادا، ئێستا لە ژێر مەترسییەکی گەورەدان**

**دیڕە نەبینراوەکانی ناو پرسیارەکانی راپۆرتی ئەمساڵی میونشن، ئەو مەترسییانەیە کە راشکاوانە نەیخستوونەتەڕوو، لەوانەش ئەو پرسیارانەیە: ئایا هەڵبژاردنەکان کە بە کاریگەرترین فاکتەری سیستمی دیموکراتی و بەهێزکردنی بەهاکانی رۆژئاوا دەناسران، ئێستا هۆکارێکن بۆ هەمان مەبەست، یان خودی هەڵبژاردنەکان بوونەتە فاکتەرێک بۆ لەبەریەک هەڵوەشانەوەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی و نەهێشتنی بەهاکانی دەوڵەتانی رۆژئاوا؟**

**کێشە گەورەکانی ئاسایش و ناسەقامگیری بۆ هەموو جیهان، لە دەوڵەتانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوجا ئەگەر جیهانی ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی وەک جیهانی دەوڵەتانی ئیسلامیی سوننە پێناسە کرابێت و، وەک هاوپەیمانی ئەمریکا و رۆژئاوا دەرکەوتبن، ئەوا لە ئێستادا ئەگەر لەسەر ئاستی پەیوەندیی دەوڵەتییش نەبێت، لەسەر ئاستی میللی، تەواوی گەلانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بە هاوشێوەی جیهانی ئیسلامیی شیعە کە ئێران سەرکردایەتی دەکات، دژایەتی رۆژئاوا دەکەن و، رۆژئاوا بەسەرچاوەی کێشەکانیان دەزانن**

the Pieces

● ٢٠٢٠: ئاوابوونی رۆڵی جیهانی رۆژئاوا - Westlessness

لەگەڵ ئەوەی هاوکات لەگەڵ نووسینی ئەم باسە، ماڵپەڕی کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەوڵەتی، مۆڵەتی داگرتنی تەواوی راپۆرتەکەی ئەمساڵی نەداوە، بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو لەسەر ناوەڕۆکی راپۆرتەکە چەند پرسیارێکی ورووژاندووە و ئاماژە بەوە دەکات: ئایا جیهان بۆتە کەمتر رۆژئاوایی؟ ئایا خودی رۆژئاوا بۆتە کەمتر رۆژئاوایی؟ ئایا سەبارەت بە جیهان چی دەگەیەنێت ئەگەر شانۆ بۆ ئەوانی دیکە چۆڵ بکات؟ ئایا ستراتیژیەتی هاوبەشی رۆژئاوا لە سەردەمی کێبڕکێکی هێزە گەورەکاندا پێ دەچێت چۆن بێت؟

ئەگەر ئەم پرسیارانەی ئەمساڵ کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە بەردەم ئامادەبووانی دەیورووژێنێت و بە دوای وەڵامێکی شایستە و گونجاودا بۆیان دەگەڕێت، لەگەڵ ناونیشانی پێنج راپۆرتەکەی پێشتر بەراوردیان بکەین، پرسیاری دیکە ئەوەیە، ئایا ئەم کۆنفرانسە بانگەشە بۆ سیستمێکی تازەی جیهانی و سیاسەتێکی تازە بۆ ئاسایشی جیهان ناکات؟ ئایا تاچەند دەوڵەتانی رۆژئاوا لەسەر ئەم پرسە کۆك و هاودەنگن و پشتیوانی لە سیستمێکی تازەی دیکە دەکەن، کە براندەکەی وەك سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتیی رۆژئاوایی بێت؟

ئەگەر بۆ وەڵامدانەوە ئەم پرسیارانە، بگەڕێینەوە بۆ ناونیشانی راپۆرتەکانی ساڵانی (٢٠١٥-٢٠١٦-٢٠١٧)، تێڕوانین و بۆچوونەکانی کۆنفرانسی ئاسایشی جیهانی تا ئەو پەڕی نائومێدی سەبارەت بە سیستمی جیهانی و ئایندەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتیی رۆژئاوا، رەشبینی پێوە دیارە، بەڵام لە راپۆرتەکانی (٢٠١٨-٢٠١٩) جۆرێك لە گەڕانەوەی ئومێدی پێوە دیارە، بەتایبەتی لە ناو نیشانی راپۆرتی ٢٠١٨ ئاماژە بە ( گەیشتنە سەر لێواری هەڵدێر و گەڕانەوە) دەکات، هەروەها لە راپۆرتی ٢٠١٩ ئاماژە بوە دەکات چۆن پارچەکانی لوغزە پێکەوە بنرێتەوە و سەرلەنوێ تابلۆ کۆنەکە دروست بکرێتەوە.

بەڵام لە راپۆرتی ئەمساڵدا، پرسیارەکانی بە رادەیەك ئاڵۆزن کە لەگەڵ رەفتارەکانی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا (بەتایبەتی دوای دەرچوونی فەرمیی بەریتانیا، ئاکامی هەڵبژاردنەکان) هەروەها رەفتارەکانی ئەمریکا سەبارەت بە هاندانی دەوڵەتان بۆ چوونە دەرەوە لە یەکێتی ئەوروپا و دووبارە پێناسەکردنەوەی بودجەی ناتۆ و پەیوەندییە بازرگانیەکان، ئەوا هیچ بەرچاوڕوونییەك بۆ وەڵامێکی ئەرێنی ئەو پرسیارانە ناهێڵێتەوە و پێدەچێت، ئیدی جیهان زۆر کەم کاریگەریی رۆژئاوای لەسەر بێت، هەروەها دەوڵەتانی رۆژئاواش کە بە هۆی سەرکەوتنی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی و پێشکەوتنی پیشەسازیی خۆیان وەك جیهانی یەکەم پێناسە دەکرد، ئەوا زەحمەتە ئەمەش وەك دیاردەیەك بۆ ناسینەوەی رۆژئاوا، چیدیکە ناسنامەیەکی گشتگیر بێت.

ئەوەی راپۆرتەکە لە یەکێك لە پرسیارەکانیدا لە بن دێڕەکانیدا جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەوەیە کە چیدیکە جیهان، ئەو جیهانە تاکجەمسەرە نابێت، کە هاوپەیمانی و ستراتیژیەتی هاوبەشی دەوڵەتانی رۆژئاوا ئاراستەکەی دیاری بکەن، بەڵکو دەخوازێت دەوڵەتانی رۆژئاوا لە ناو خۆیاندا لەسەر ستراتیژییەکی هاوبەش بۆ خۆیان رێکبکەون، بۆ ئەوەی بتوانن لەو کێبڕکێی هێزە گەورەکان (رووسیا و چین) هەتا ئەگەر (رووسیا و چین) پێکەوەش هاوبەش بن، بەڵام رۆژئاوا بەهێزتر بێت و بڕیاری یەکلاکەرەوە لای دەوڵەتانی رۆژئاوا بێت، نەك (رووسیا و چین)، بەڵام ئەوەی لە راپۆرتەکە دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کە پێناچێت ئەو بەها و سیاسەتە هاوبەشانەی دەوڵەتانی رۆژئاوای لەسەر ئاستی سیاسەتی ئاسایش و سەربازی و هەروەها سیاسەتی ئابووری و بازرگانی پێکەوە کۆدەکردەوە، ئێستا ئەو بۆندە هاوبەشانە بەو بەهێزییەی جارانیان مابن، یان هەوڵدان بۆ دروستکردنەوەی ئەو بۆندانە هێندە کارێکی ئاسان بێت، بەپێچەوانەوە، فیدراسیۆنی یەکێتی ئەوروپا وەك یانەیەکی بەهێزی ئابووری و هاوپەیمانیی دەوڵەتانی باکووری ئەتڵەسی وەك یانەیەکی سەربازیی بەهێز، لەژێر کاریگەریی نەتەبایی خودی دەوڵەتانی رۆژئاوادا، ئێستا لە ژێر مەترسییەکی گەورەدان، هەر بۆ نموونە لەسەر ئاستی فیدراسیۆنی یەکێتی ئەوروپا،دوای ئەوەی بەریتانیا بە فەرمی ماڵئاوایی لەو فیدراسیۆنە

کرد، ئیدی دەرگا والایە بۆ ئەوەی دەوڵەتانی دیکە لە پێش هەموویانە دەوڵەتانی باکووری ئەورووپا بیر لە بەجێهێشتنی فیدراسیۆنەکە بکەنەوە، لەمەش زیاتر هیچ دوور نییە، ئەمریکا خۆی هاندەر بێت بۆ ئەوەی دەوڵەتانی دیکە فیدراسیۆنەکە بەجێ بهێڵن، هەروەك چۆن ترەمپ ئاماژەیەکی روونی بە فەرەنسا دا، بەوەی کە بە کشانەوەی لە یەکێتی ئەورووپا باری ئابوورییەکەی بەرەو باشتر دەچێت. لەسەر دەوڵەتانی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسیش، ناسەقامگیرییەکی زۆر بەرچاو هەیە، بەتایبەتی لەسەر دەوڵەتە بچووك و مامناوەندییەکانی ئەورووپا کە ئەمریکا لە دوای دەستبەکاربوونی ترەمپەوە، جەختی لەوە کردووەتەوە کە چیدیکە پۆلیسی پاراستنی هیچ دەوڵەتێك نابن و دەبێت ئەو دەوڵەتانە خۆیان پارەی بەرگریی خۆیان بە قەوارەی خۆیان دابین بکەن، ئەمەش لە کاتێکدایە بەپێی راپۆرتەکانی سالانی پێشتر کۆنگرەی ئاسایشی نێودەوڵەتی، تەواوی دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا کە ئەندامیشن لە هاوپەیمانیی ناتۆدا، بەبێ هاوکاری و پشتگیریی ئەمریکا، بارتەقای هێزی رووسیا نابن و، ئەگەر ئەمریکا وەك هاوپەیمانی ستراتیژی مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتانی ئەورووپای ئەندامی ناتۆ نەکات، ئەوا بەشی زۆریان دەکەونە ژێر هەڕەشەی هەژموونی رووسیاوە، هەروەك رووسیا لە لکاندنی کریما هەڕەشەی بۆ چەند دەوڵەتێکی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا دروست کردووە.

ئێستا کێشە و گرفتی سەرەکیی دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا کە لە هەمانکاتدا ئەندامیشن لە هاوپەیمانیی ناتۆ، ئەوەیە کە لە ئێستادا ئەگەر ئەمریکا هاوکارییەکانی بۆ ناتۆ بە جددی چاوی پێدا بخشێنێتەوە، ئەوا راستەوخۆ سەرکردایەتیی یەکێتی ئەورووپا و سیاسەتی ئاسایش و بەرگری بۆ پاراستنی یەکێتی ئەورووپا دەکەوێتە سەر شانی ئەڵمانیا و فەرەنسا، بۆیە پرسیارە گرنگە لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر لە هەڵبژاردنی داهاتووی فەرەنسادا، ئەمجارەیان بیروبۆچوونی هاوشێوەی ماری لۆپین سەرکەوتنی بەدەست بهێنێت، نەك بیروبۆچوونی هاوشێوەی ماکرۆن، بە هەمان شێوە ئەم پرسیارە بۆ ئەڵمانیاش راستە، ئایا چارەنووسی یەکێتی ئەورووپا و هەروەها ئەو ستراتیژە هاوبەشە ئابووری و سەربازییەی ئێستا لە نێوان دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا هەیە، بە کوێ دەگات؟ بێگومان ئەگەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان بەم دیوە خراپەیدا بکەونەوە، ئەوا نە فەرەنسا لە ناو یەکێتی ئەورووپا دەمێنێتەوە، نە ئەڵمانیا، ئەگەر بە چوونە دەرەوەی بەریتانیا باری سەرشانی ئەڵمانیا و فەرەنسا قورستریش بووبێت، ئەوا نەیانهێشتووە یەکێتییەکە لە بەریەك هەڵبوەشێت، بەڵام ئەگەر پێچەوانەکەی رووبدات، ئەوا هیچ هێزێك ناتوانێت جڵەوگیری ئەو بارودۆخە شلۆق و شڵەژاوە بکاتەوە. ئەمەش ئەو مەترسییە گەورەیەیە کە بەشی دووەمی پرسیارەکانی راپۆرتەکەی ئەمساڵی کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەوڵەتی —میونشن، زۆر بە راشکاوی جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە تەنانەت ئەگەر دەوڵەتانی رۆژئاوا وەك پێشانیش کاریگەرییان لەسەر تەواوی جیهان نەمێنێت، ئایا ئەو دەوڵەتانە خۆیان لە ناو خۆیاندا ئامادەن پارێزگاری لەو بەهایانە بکەن کە پێشتر دەوڵەتانی رۆژئاوای پێ دەناسرایەوە؟

کەواتە دێڕە نەبینراوەکانی ناو پرسیارەکانی راپۆرتی ئەمساڵی میونشن، ئەو مەترسییانەیە کە راشکاوانە نەیخستوونەتەڕوو، لەوانەش ئەو پرسیارانەیە: ئایا هەڵبژاردنەکان کە بە کاریگەرترین فاکتەری سیستمی دیموکراتی و بەهێزکردنی بەهاکانی رۆژئاوا دەناسران، ئێستا هۆکارێکن بۆ هەمان مەبەست، یان خودی هەڵبژاردنەکان بوونەتە فاکتەرێك بۆ لەبەریەك هەڵوەشانەوەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی و نەهێشتنی بەهاکانی دەوڵەتانی رۆژئاوا؟

لەوانەیە کاتێك کۆنفرانسێکی ئاوا گەورە و گرنگ، ئەم پرسیارە سەرسوڕهێنەرانە ئاراستەی سیستمی جیهانی و سیستمی لیبراڵ دیموکراتیی دەوڵەتانی رۆژئاوا دەکاتەوە، خەڵکی سادە وا تێبگات، ئەم کارانە لە بەردەم دەوڵەتانی رۆژئاوا بەو ئاستە قورس نین کە نەتوانێت چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە و وەڵامیان بدرێتەوە، بەڵام لە باری راستیدا، ئێستا دەوڵەتانی رۆژئاوا نەك هەر نایانەوێت چارەسەری ئەم کێشانە بکەن، بەڵکو چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بە هۆکارێك دەزانن بۆ لاوازبوونی سەروەریی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆیان، کە ئەمەشیان دەنگدەرانیان لە هەڵبژاردنەکاندا لێیان قبوڵ ناکەن.

**جارێکی دیکە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بانگهێشتی فەرمیی کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەوڵەتی میونش، لەو کۆنفرانسەش ئامادە دەبێت، لەم کۆنفرانسەشدا بە هاوشێوەی داڤوس، چەندین دیداری گرنگی لە پەراوێزی کۆنفرانسەکەدا دەبێت، بەڵام دیدارەکانی ئەمجارەی لە میونشن جیاواز دەبێت لە دیدارەکانی لە داڤوس، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر لە داڤوس تایتڵی سەرەکی وەک «سیاسەتی ئابووری» هەموو ئامادەبووانی کۆکردبێتەوە، ئەوا لە میونشن تایتڵی سەرەکی وەک «سیاسەتی ئاسایش و سەربازی» هەموو سەرۆک و خاوەن بڕیارەکانی جیهان پێکەوە کۆدەکاتەوە**

**جیهانی پەیوەندییەکانی رووسیا و چینیش جیهانێکی فراوانە و توانیویانە تا رادەیەکی زۆریش سوود لە دوورکەوتنەوەی جیهانی ئیسلامی سوننە لە رۆژئاوا وەربگرن**

**لەناو ئەم جیهانە ئاڵۆزەی عەرەبی و ئیسلامیدا، هەرێمێک هەیە بە ناوی هەرێمی کوردستان کە هەتا ئێستا بەشێکە لە عێراق و لەناو ئەو هەموو ناسەقامگیرییەدا، نە کێشەی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیی سوننە هەیە، نە کێشەی لەگەڵ شەپۆلە شیعییەکەشدا هەیە، کە ئێران سەرکردایەتی دەکات**



**هەرێمی کوردستان لە ناوچەیەکی داخراوی بچووکدا بە شێوەیەک حوکمڕانی دەکات، کە هەموو ئەو بەهایانەی وەک (لێبوردەیی، فرەکولتووری، فرەنەتەوەیی و ئایینی و سەقامگیری) کە پێشتر دەوڵەتانی ڕۆژئاوا شانازییان پێوە دەکردو ئێستا خەریکن لە دەستی دەدەن، لەناو هەرێمی کوردستاندا، ئەم بەهایانە نەک هەر پارێزراون، بەڵکو ڕۆژ لە دوای لە گەشەسەندندان و زیاتر ڕەگ و ریشە لە سەر خاکی کوردستان دادەکوتن**

**● ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**
**دۆسیە گەرمەکەی کۆنفڕانسی میونشن**

کێشە گەورەکانی ئاسایش و ناسەقامگیری بۆ هەموو جیهان، لە دەوڵەتانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوجا ئەگەر جیهانی ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی وەك جیهانی دەوڵەتانی ئیسلامیی سوننە پێناسە کرابێت و، وەك هاوپەیمانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەرکەوتبن، ئەوا لە ئێستادا ئەگەر لەسەر ئاستی پەیوەندیی دەوڵەتییش نەبێت، لەسەر ئاستی میللی، تەواوی گەلانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بە هاوشێوەی جیهانی ئیسلامیی شیعە کە ئێران سەرکردایەتی دەکات، دژایەتی ڕۆژئاوا دەکەن و، ڕۆژئاوا بەسەرچاوەی کێشەکانیان دەزانن، ئەمە بێجگە لەوەی جیهانی پەیوەندییەکانی رووسیا و چینیش جیهانێکی فراوانە و توانیویانە تا ڕاددەیەکی زۆریش سوود لە دوورکەوتنەوەی جیهانی ئیسلامی سوننە لە ڕۆژئاوا وەربگرن.

لەناو ئەم جیهانە ئاڵۆزەی عەرەبی و ئیسلامیدا، هەرێمێك هەیە بە ناوی هەرێمی کوردستان کە هەتا ئێستا بەشێکە لە عێراق و لەناو ئەو هەموو ناسەقامگیرییەدا، نە کێشەی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیی سوننە هەیە، نە کێشەی لەگەڵ شەپۆلە شیعییەکەشدا هەیە، کە ئێران سەرکردایەتی دەکات، بەڵکو هەرێمی کوردستان لە ناوچەیەکی داخراوی بچووکدا بە شێوەیەك حوکمڕانی دەکات، کە هەموو ئەو بەهایانەی وەك (لێبوردەیی، فرەکولتووری، فرەنەتەوەیی و ئایینی و سەقامگیری) کە پێشتر دەوڵەتانی ڕۆژئاوا شانازییان پێوە دەکردو ئێستا خەریکن لە دەستی دەدەن، لەناو هەرێمی کوردستاندا، ئەم بەهایانە نەك هەر پارێزراون، بەڵکو ڕۆژ لە دوای لە گەشەسەندندان و زیاتر ڕەگ و ریشە لە سەر خاکی کوردستان دادەکوتن.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە مانگی پێشوو بە فەرمی بانگهێشتی کۆڕبەندی ئابووریی نێودەوڵەتیی داڤۆس کرابوو،



بۆ یەکێك لە پەنێڵە گرنگەکانی ئالۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داوەت کرابوو، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو پەنێڵەدا تەنیا سەرۆك بوو کە خاوەنی ڕۆئیای دەستنیشانکردنی کێشەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی بۆ کۆڕبەندەکە خستەڕوو، ڕاستە ئامادەبووانی دیکەش ڕۆئیا و بیرو بۆچوونی خۆیان هەبوو، بەڵام وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان خاوەنی بەڵگەنامەیەکی مەلموس نەبوون کە شاهیدی بۆ ڕۆئیا و بیروبۆچوونەکانیان بدەن.

لەم هەفتەیدا جارێکی دیکە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بانگهێشتی فەرمیی کۆنفرانسی ئاسایشی نیودەوڵەتی میونش، لەو کۆنفرانسەش ئامادە دەبێت، لەم کۆنفرانسەشدا بە هاوشێوەی داڤۆس، چەندین دیداری گرنگی لە پەراوێزی کۆنفرانسەکەدا دەبێت، بەڵام دیدارەکانی ئەمجارەی لە میونشن جیاواز دەبێت لە دیدارەکانی لە داڤۆس، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر لە داڤۆس تایتڵی سەرەکی وەك «سیاسەتی ئابووری» هەموو ئامادەبووانی کۆکردبێتەوە، ئەوا لە میونشن تایتڵی سەرەکی وەك «سیاسەتی ئاسایش و سەربازی» هەموو سەرۆك و خاوەن بڕیارەکانی جیهان پێکەوە کۆدەکاتەوە.

هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی قەوارەیەکی بچووکە و سوپاکەی (هێزی پێشمەرگە) وەك سوپای دەوڵەتانی پێشکەوتوو، چەکی پێشکەوتووی زەمینی و ئاسمانی لە بەردەست نییە، بەڵام هیچ کام لەو سوپایانەی کە بەهێزترین چەکی جۆراوجۆری پێشکەوتوویان لەبەردەستە، بە ئاستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان خاوەنی ئەو ئیرادەیە نین لەسەر زەوی ئەو هێزە بن کە تیرۆریستان تێکبشکێنن، بۆیە ئەزموونی پێشمەرگە لەگەڵ ئەزموونی سەربازی و چەکە پێشکەوتووەکانی وڵاتانی زلهێز، زەمینەیەکی باش دروست دەکات، بۆ ئەوەی سیاسەتی ئاسایش و سەربازی لە سەر ئیرادەی هاوشێوەی پێشمەرگە بونیاد بنرێتەوە.

**هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی قەوارەیەکی بچووکە و سوپاکەی (هێزی پێشمەرگە) وەک سوپای دەوڵەتانی پێشکەوتوو، چەکی پێشکەوتووی زەمینی و ئاسمانی لە بەردەست نییە، بەڵام هیچ کام لەو سوپایانەی کە بەهێزترین چەکی جۆراوجۆری پێشکەوتوویان لەبەردەستە، بە ئاستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان خاوەنی ئەو ئیرادەیە نین لەسەر زەوی ئەو هێزە بن کە تیرۆریستان تێکبشکێنن**



زاگرۆس فەتاح محەمەد ئەمین
بەڕێوەبەری گشتیی بودجەی وەبەرهێنان لە وەزارەتی پلاندانان بۆ گوڵان:

# ئەمساڵ سیستمی بە ئەلیکترۆنیکردنی گرێبەستە گشتییەکان دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە

# هەندێ پرۆژە بە هاوبەشی لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت ئەنجام دەدرێن

**ئاشکرایە لە ئێستادا حکومەتی هەرێم هەوڵەکانی خستۆتەگەڕ بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی پێویست و جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و هێنانەئارای وەرچەرخان لە ئەدای کەرتی گشتی و کاراکردنەوەی کەرتی تایبەت، هەموو ئەوانەش بە ئامانجی دامەزراندنی بناغەیەکی تۆکمە و پتەون بۆ ئابووریی کوردستان، بۆ تیشکخستنە سەر هەنگاو و هەوڵەکانی حکومەت بەم ئاراستەیە و تاوتوێکردنی ئاستەنگ و کێشەکان و رادەی ئەو گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕانەی لەم بوارەدا بەدیهاتوون، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ زاگرۆس فەتاح محەمەد ئەمین بەڕێوەبەری گشتیی بودجەی وەبەرهێنان لە وەزارەتی پلاندان ئەنجام دا.**

*** دوای کۆبوونەوەی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گەورە وەبەرهێن و سەرمایەدارانی ناوخۆ پرسی چاکسازی و بەگەڕخستنەوەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان گەرمتر بووە، ئایا تاچەند گرنگە هاوشانی ئەو گۆڕانکارییە کەرتی تایبەتیش گۆڕانکارییەکی نەوعی بە خۆیەوە ببینێت؟**

- لەدوای پرۆسەی چاکسازی و بنبڕکردنی گەندەڵی مەسەلەی هەمەچەشنکردنی ئابووریی کوردستان بە خاڵێکی سەرەکی و ستراتیژیی ناو بەرنامەی کاری رێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، سەرۆکی حکومەت دیدگاو بۆچوونی وایە نابێت بەتەنیا پشت بە داهاتی نەوتی خاو ببەستین و سەرچاوەکانی دیکەی ئابووری و داهات پشتگوێ بخرێت، چونکە پەراوێزخستنی سەرچاوەکانی دیکەی داهات لە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری و رووکردنە تەنیا کەرتی نەوت هەڵەیەکی کوشندەو مەترسیدارە. لە روانگەی ئابوورییشەوە هیچ وڵاتێك نییە خاوەنی ئابوورییەکی بەهێزو گەلێکی خۆشگوزەران بێت کە تەنیا پشتی بە داهاتی نەوت بەستبێت، داهاتی نەوت و بەهاکەی پەیوەستە بە بەرژەوەندیی زلهێزەکان و رەوشی سەقامگیری سیاسی و سەربازی و ئابوورییەوە، هەر بۆیە بەهای نەوتی خاو بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندایە، ئەزموونی هەرێمی کوردستانیش لە ساڵانی رابردوو بەتایبەتی لە گەرمەی گەمارۆی ئابووری و بڕینی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن بەغداو داشکانی بەهای بەرمیلێك نەوتی خاو لە بازاڕە جیهانیەکاندا هەمووی ئەوەمان پێ دەڵێن کە بودجە و ئابووریی هیچ وڵاتێك نابێت بە تەنیا پشت بە داهاتی نەوتی خاو ببەستێت، بەپێچەوانەوە پشت بەستن بەداهاتی نەوتی خاو واتا سووڕانەوەیە بە دەوری قەیرانی دارایی و گرفت و کێشەکانی کەمیی سیولەوە. لەم تێڕوانینەوە رۆئیای سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەرەو هەمەچەشنکردنی ئابووری هەنگاو بنێین، لەپێناو گەیشتن بەم ئامانجەش پێویستمان بەوە هەیە ببینە خاوەن کەرتێکی تایبەتیی بەهێزو کارا، گەشەسەندنی کەرتی تایبەت بناغە و جومگەی هەموو ئابوورییەکی پێشکەوتووە لە جیهاندا، هەربۆیە سەرۆکی حکومەت و کابینەکەی بەو ئاراستەیە کار دەکەن کە کوردستانیش بە هاوشێوەیە وڵاتانی دیکەی پێشکەوتوو بەرەو بەهێزبوونی کەرتی تایبەت بچێت، ئەمەش پێویستی بە وەرچەرخانێك هەیە لە کارو ئەدای کەرتی تایبەت و کۆبوونەوەکەی ئەم دواییەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ گەورە وەبەرهێن و سەرمایەدارانی ناوخۆی کوردستان بۆ پاڵپشتیکردنیان و بەهێزکردنی ئابووریی

**لەدوای پرۆسەی چاکسازی و بنبڕکردنی گەندەڵی مەسەلەی هەمەچەشنکردنی ئابووریی کوردستان بە خاڵێکی سەرەکی و ستراتیژیی ناو بەرنامەی کاری رێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت**

**پەراوێزخستنی سەرچاوەکانی دیکەی داهات لە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری و رووکردنە تەنیا کەرتی نەوت هەڵەیەکی کوشندەو مەترسیدارە**

دەبێت یاسا و ڕێنماییەکان ڕێگر نەبن لە بەردەم کارکردنی کەرتی تایبەت و گەشەکردنی، بۆ نموونە هەرچی مۆڵەت و ڕێکارەکانی کە لەلایەن حکومەتەوە دەردەچێت، ئاسانکاری تێدا بێت

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دامەزراوەکانیەوە پاڵپشتی پێشکەش بە سەرجەم ئەو وەبەرهێن و کۆمپانیانە دەکات کە ڕوو لە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری دەکەن

نابێت هیچ پرۆژەیەکی کەرتی تایبەت دژی بەرژەوەندیی گشتی بێت، بەڵکو دەبێت لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا بێت و ڕەچاوی خەڵکی کەمدەرامەت و چینی هەژاری تێدا کرابێت و تێیدا زیانمەند نەبن

کوردستان و پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکی کوردستان بوو.

*** بەو پێیەی ماوەیەکی زۆرە لەبواری بودجەو پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە وەزارەتی پلاندانان کار دەکەیت و لە نزیکەوە ئاگاداری ئەم بوارەیت، ئایا بەهێزکردنی کەرتی تایبەت دەبێت چۆن هەنگاوی بۆ بنرێت؟ بە واتایەکی دیکە ئەو یاسا و بنەما ئابوورییانە چین کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری لەسەر بکات؟**

- بەهێزکردنی کەرتی تایبەت پرۆسەیەکی ئاڵۆز و تێهەڵکێشە و دەکرێت لەچەند بوارێکدا کاری لەسەر بکرێت، سەرەتا دەبێت پێداچوونەوە بە ژینگەی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بکرێت، بەتایبەتی لەم ڕێگایانەی خوارەوە:

١. پێداچوونەوە بە سەرجەم یاسا و ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی کارکردنی کەرتی تایبەت، دەبێت یاسا و ڕێنماییەکان ڕێگر نەبن لە بەردەم کارکردنی کەرتی تایبەت و گەشەکردنی، بۆ نموونە هەرچی مۆڵەت و ڕێکارەکانی کە لەلایەن حکومەتەوە دەردەچێت، ئاسانکاری تێدا بێت.

٢. کەمکردنەوەی ڕۆتین و بیرۆکراتیەتی کوشندە؛ کە لەم بوارەدا کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی گرنگی ناوە، ئێستا وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن لە کەرتی تایبەت و دامەزراندنی کۆمپانیاکان کاتێکی کەمتری پێدەچێت.

٣. پەیڕەوکردنی بنەمای شەفافییەت لەکارکردن لەگەڵ کەرتی تایبەت.

٤. گۆڕانکاریی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لە ڕووی جۆر و چەندایەتییەوە بۆ نموونە لە ڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی کارەبا و ئاو و ڕێگاوبان و خزمەتگوزارییەکانی دیکەی شارەوانی.

٥. گرنگیدان بە سێکتەری بانکی و دەوڵەمەندکردنی خزمەتگوزارییە بانکی و داراییەکان.

٦. زیادکردنی بواری وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا.

بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئەم ئامانجانە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی باشی دەستپێکردووە، لەلایەک هیچ ڕێگرییەکی نییە لە ئەنجامدانی ئەو پرۆژە و کار و وەبەرهێنانەی کە سوودی بۆ بەرژەوەندیی گشتی هەیە و لەلایەکی دیکەوە بە شەفافییەت و ڕوونی گرێبەستەکان دەخرێتەڕوو، بگرە پاڵپشتی و کارئاسانی لە هەموو وەزارەتەکان بۆ ئەو وەبەرهێن و بزنیسکار و کۆمپانیایانە هەیە کە بە جددیی و باشی کارەکانیان ئەنجام دەدەن، هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دامەزراوەکانیەوە پاڵپشتی پێشکەش بە سەرجەم ئەو وەبەرهێن و کۆمپانیانە دەکات کە ڕوو لە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری دەکەن، ئەمە جگە لەوەی چاوخشاندنەوە بە یاسای وەبەرهێنان کراوە و دەستەی وەبەرهێنان بە مەبەستی گەشەکردنی وەبەرهێنان پرۆژە یاسایەکی نوێی ئامادە کردووە و دەچێتە پەرلەمان بۆ گفتوگۆ و پەسەندکردنی. هاوتەریب لەگەڵ ئەم هەنگاو و کارانەی حکومەت و وەزارەت و دامەزراوەکانی کەرتی گشتی هەوڵ دەدەین هەندێك پرۆژە لە نێوان کەرتی تایبەت و گشتی لە چوارچێوەی پرۆسەیەك ئەنجام بدەین کە پێی دەوترێت (PPP)، ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی خاڵی شەشەمی ئاستی خزمەتگوزارییەکان وەك لە هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت پردێك یان ڕێگایەك دروست بکەین، کە پێویستی بە توانای دارایی هەیە، دەکرێت کەرتی تایبەت دروستی بکات و پارەکە بە شێوەیەك لە شێوەکانی وەربگرێتەوە.

*** باسی هاوبەشیی نێوان کەرتی تایبەت و گشتیتان کرد، ئایا دەکرێت زیاتر باسی وردەکارییەکانی ئەم پرۆسەیەمان بۆ بکەیت و، ئایا تا چەند سوودی بۆ هاووڵاتیان و حکومەت و کەرتی تایبەتیش هەیە؟**

- چوارچێوەی ئەم بیرۆکەیە ئامادە کراوە، لەژێر ڕۆشنایی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێنمایی و هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID) و پرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) و وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵبەتە مەودای کارەکانی بریتییە لە:

● ئامادەکردنی چوارچێوەی هاوبەشی گشتی – تایبەت PPP.

● ئامادەکردنی لیستی پرۆژەکان بۆ هاوبەشی گشتی- تایبەت.

● ڕاهێنان.

هەروەها کار دەکەین بۆ دانانی ڕیزبەندی بۆ پرۆژە شیاوەکان و ئاشناکردنی وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەتەکان بە چوارچێوەی هاوبەشی گشتی – تایبەت، لەمەشدا ڕەچاوی ئەوە دەکەین کە پرۆسەکە بەپێی ستاندارە نێودەوڵەتییەکان

بێت و بگونجێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان، هەروەها لیستی پرۆژەکان و ریزبەندییان و وردبینی و پەسەندکردنی گرێبەستەکان و دانانی نیشاندەری سەرەکیی ئەدا (KPIs) بۆ پرۆژەکان و رێکار و ئاسانکاریی بۆ جێبەجێکردنی دەکرێت، ئەمە وێڕای چاودێری و بەدواداچوونی ئەرکی سەرشانی وەزارەتەکان لە بەڕێوەبردنی گرێبەست و جێبەجێکردنی هەموو ئەو پرۆژانەدا، پرۆژە هاوبەشەکانی نێوان کەرتی تایبەت – گشتی زۆرن، لەوانە لەبواری گەیاندنی کارەبا و رێگاوبان و تەندروستی و ئاو و ئاوەڕۆ و چەندین بواری دیکە.

لە پرۆژەی هاوبەشی نێوان کەرتی تایبەت-گشتی جەخت لەسەر یەك خاڵی سەرەکی کراوەتەوە، کە رێزدار مسرور بارزانی بەردەوام جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە نابێت هیچ پرۆژەیەکی کەرتی تایبەت دژی بەرژەوەندیی گشتی بێت، بەڵکو دەبێت لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا بێت و رەچاوی خەڵکی کەمدەرامەت و چینی هەژاری تێدا کرابێت و تێیدا زیانمەند نەبن، بە واتایەکی دیکە هەر کەسێك توانای داهات و بژێوی بەرزی هەیە و خزمەتگوزاریی زیاتر بەکار دەهێنێت، دەبێت پارەی زیاتر بدات. لێرەدا فەلسەفە و دیدگای حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە جگە لە بووژانەوەی ئابووری، دووبارە دابەشکردنەوەی داهاتی میللەت بکەین و دادپەروەرییەك بخولقێنین، رەوا نییە پارەی خزمەتگوزارییەکان لە نێوان دەوڵەمەند و هەژار بە یەك رێژە وەربگیرێت، واتا دەبێت لە بەهای خزمەتگوزارییەکان و سیستەمی باجدا رەچاوی رسومات و داهاتی هەڵکشاو بکرێت.

*** باسی ئەو ژینگەیەت کرد کە لەم کابینەیەدا کاری لەسەر دەکرێت بۆ ئەوەی هانی وەبەرهێنان و گەشەی کەرتی تایبەت بدرێت، ئایا تاچەند لە بارودۆخی وەکو هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا ژینگەیەکی لەبار هەیە بۆ سەرکەوتنی بەرنامەو هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟**

- دوو ژینگە هەیە، دەبێت لێرەدا باسی بکەین:
١. ژینگەی ئاسایش و سەقامگیریی سیاسی.
٢. ژینگەی ئابووری و ژێرخان.

ژینگەی ئاسایش و پاراستنی سەقامگیری، بە یەکەم بنەمای پێشکەوتنی ئابووریی هەرێمی کوردستان و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی دادەنرێت. خۆشبەختانە بە هەوڵ و هیممەتی جەنابی سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزی ئاسایش و ناوخۆ توانرا ئەم ژینگەیە بپارێزرێت و پارێزگاری نەك تەنیا لە پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان بکرێت، بەڵکو کوردستان بووە پێگەیەکی ئارام بۆ سەرجەم ئاوارە و لێقەوماوانی عێراق و سووریا و ناوچەکە، ئەوە بوو لەو سەردەمە لە ناخۆشترین کاتەکاندا کە لە ساڵی ٢٠١٤ دەستی پێ کرد، نەك تەنیا ژینگەی ئاسایشی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو ژینگەی ئاسایشی ئەورووپا کەوتە مەترسییەوە، بەڵام لێرە ئاسایشی ناوخۆ پارێزراو بوو، بە رادەیەك دەتوانین بڵێین لە ساڵی ٢٠١٤ – ٢٠١٥-٢٠١٦ ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ئاسایشی شارەکانی فەرنسا و ئەڵمانیا ئارامتر بووە. هاوکات ژینگە سیاسیەکەی هەرێمی کوردستانیش نەبچڕاوە بگرە بە پرۆسەیەکی دیموکراتی و هەڵبژاردن توانرا کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت و دەستاودەستی دەسەڵات بکرێت و دانوستانەکان لەنێوان هەرسێ لایەنی سەرەکی (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) هەنگاوی باشی لێ بەرهەم هاتووە، لەگەڵ بوونی کەموکورتی لێرە و لەوێ، یان هەموو ئەو قسەو باس و بۆچوونانەی لەناو حزبەکان و شەقام و دەستەبژێری ئابووری و رۆشنبیراندا دەکرێت، بەڵام سیاسییەکانی ئێمە رۆئیایەکی روونیان بۆ گەشەکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستان و خزمەتکردنی خەڵکی هەیە، ئەوەتا لەکابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەناو بەرنامەو کاری رێزدار مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێم کۆمەڵێك کارو ئەجیندا دانراوە و بەرژەوەندیی گشتی لە ریزبەندی پێشەوەی هەموو ئامانج و هەنگاوەکانی ئەم کابینەیە دانراون، ئەم ئیرادە و ویستە سیاسییە زۆر لەبارە بۆ ئەوەی خەڵکی بتوانن وەبەرهێنان بکەن و متمانەیان بە حکومەت هەبێت. دوابەدوای ئەم ژینگەیەش ژینگەی ژێرخانی ئابووری دێت، سەرەڕای هەموو سەرنج و تێبینیەکانمان لە ١٥ ساڵی رابردوودا توانراوە ژمارەیەکی زۆری پرۆژەی جۆراوجۆر جێبەجێ بکرێت، هەر لەزیادکردنی بەرهەمهێنانی کارەبا و زیادبوونی رێگاوبان و شەقام و پرۆژەکانی دیکەی ئاو و ئاوەڕۆ و خانووبەرە و دروستکردنی فرۆکەخانە و بینایەی میریی و نەخۆشخانە و قوتابخانەکان و چەندین پرۆژەو کاری دیکە، بێگومان هێشتا زۆر پرۆژەش ماون، جێبەجێ بکرێن و کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان سوورە لەسەر بەردەوامبوونیدان بە پرۆسەی پەرەپێدان،

**رەوا نییە پارەی خزمەتگوزارییەکان لە نێوان دەوڵەمەند و هەژار بە یەك رێژە وەربگیرێت، واتا دەبێت لە بەهای خزمەتگوزارییەکان و سیستەمی باجدا رەچاوی رسومات و داهاتی هەڵکشاو بکرێت**

**ژینگەی ئاسایش و پاراستنی سەقامگیری، بە یەکەم بنەمای پێشکەوتنی ئابووریی هەرێمی کوردستان و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی دادەنرێت**

**لە ساڵی ٢٠١٤ – ٢٠١٥- ٢٠١٦ ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ئاسایشی شارەکانی فەرنسا و ئەڵمانیا ئارامتر بووە**

**بە پرۆسەیەکی دیموکراتی و هەڵبژاردن توانرا کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت و دەستاودەستی دەسەڵات بکرێت و دانوستانەکان لەنێوان هەرسێ لایەنی سەرەکی (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) هەنگاوی باشی لێ بەرهەم هاتووە**

چاکسازی و گەیشتن بە خۆشگوزەرانی ئیرادەی سەرۆکی حکومەت و ویستی خەڵکی کوردستانە، بۆیە هیچ هێز و گرووپێك ناتوانێت ئاستەنگ لە بەردەم ژینگەی سەقامگیریی و ئابووریی کوردستان دابنێت.

*** بەڵام لە ئێستادا زۆر بواری وەکو گەندەڵی و قۆرخکاریی هەیە، تا چەند ئەوانە لەمپەڕ لەبەردەم ئەو ویست و ئیرادەیەی گەل و حکومەت بۆ چاکسازی دادەنێن؟**

- ئێمە بە زەقی لە ناو حکومەتدا هەست بەو ئاستەنگ و گرفت و کێشانە دەکەین کە لەبەردەم پرۆسەی بنبڕکردنی گەندەڵی و نەهێشتنی قۆرخکاری دادەنرێت، بەڵام دەبێت هەمووان ئەو راستییە بزانن چاکسازی و نەهێشتنی قۆرخکاریی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تەنیا دروشم نییە و لە زۆر بواردا بە کردارەکی دەستی پێکراوە، بۆ نموونە تەنیا لە گرێبەستەکانی کارەبا و چاکسازیی بەرهەمهێنانی کارەبا و ئاشکراکردنی زیدەڕۆییەکان بە ملیۆنان دۆلار بۆ گەنجینەی گشتیی هەرێم گەڕاوەتەوە، بەسەدان تۆن دەرمان و خۆراکی ئیکسپایەر و خراپ لە ناو براون و خاوەنەکانی سزا و غەرامە کراون و بڕیاری بوێرو گرنگ بۆ کەمکردنەوەی رۆتین و خێرابەڕێوەچوونی مامەڵەی هاووڵاتیان گیراوەتەبەر، بێگومان لە هەموو پرۆسەیەکی چاکسازیدا کۆمەڵێك کەس (ئەوانەی لە بەرژەوەندیی تایبەتیان دەدرێت) هەوڵی ئەوە دەدەن بە شێوازی جۆراوجۆر رووبەڕووی ببنەوە، بەڵام ئەوەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرنامەی کاریدا دایناوە، هیچ کاتێك بەرژەوەندیی شەخسی گرنگتر نییە لە بەرژەوەندیی گشتیی هاووڵاتیانی کوردستان، سوودی گشتی زۆر گرنگترە لە بەرژەوەندی و سوودی تایبەتی. لە کۆتاییدا چاکسازیی پرۆسەیەکی بەردەوامە و هەندێکی جێبەجێ کراوە و بەشێکی زۆری دیکەشی لە تەمەنی ئەم کابینەیەدا جێبەجێ دەکرێت.

*** ئاماژەتان بەوە دا کە پڕۆژە کاری زۆر بەڕێوەیە و جێبەجێ دەکرێن، هەر لەمبارەیەوە سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان لە دیدارێکی تایبەتی گوڵاندا ئاماژەی بە خۆئامادەکردنیان دا، بۆ راگەیاندنی ١٠٠٠ پڕۆژەی تایبەت بۆ وەبەرهێنەران لە هەرێمی کوردستان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا جێبەجێکردنی ئەم ژمارە زۆرەی پڕۆژە تا چەند بازێك بە ئابووریی هەرێمی کوردستان و بژێویی ژیانی هاووڵاتیانی هەرێمەکە دەدات؟**

- دەستەی وەبەرهێنان و ئەو یاسایەی کە هەموار دەکرێتەوە، کۆمەڵێك دەسەڵاتی زیاتر دەدات بە حکومەت و دامەزراوەکانی بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی نوێ و باشتر بەرامبەر وەبەرهێنەران بگرنەبەر و رۆتین نەهێڵن و کارئاسانی و هاوکاریی نێوان کەرتی گشتی و تایبەتیش باشتر بێت، لەپێناو خزمەتکردنی هاووڵاتیاندا، لێرەدا رۆڵی حکومەت فەراهەمکردنی ئەو ژینگەیە و مۆڵەتدانە بە کەرتی تایبەت، هەروەها کەرتی تایبەتی هەرێمی کوردستان ئەو توانایەی هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ١٠٠٠ پڕۆژەیە، خۆ ئەگەر بەراوردی کەرتی تایبەت بکەین لەساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ لەگەڵ ئێستادا، ئەوە بە ئاشکراو روونی ئەو گۆڕانکارییە دەبینین لە رووی توانای دارایی و سەرمایەی مرۆیی و شارەزایی و پەیوەندییان لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی جیهاندا، کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان و وەبەرهێنەرەکانمان لە جێبەجێکردنی پڕۆژەی گەورە و ستراتیژیی توانای زۆر باشیان هەیە، لە رووی دارایی و جێبەجێکردنەوە، کەرتی تایبەتی کوردستان لە زۆر بواردا گەشەی کردووە، وەکو بەرهەمهێنانی کارەبا و رێگاوبان و زانکۆ و تەندروستی و گەشتیاری و کشتوکاڵی و پیشەسازیی چیمەنتۆ و ئاسن و پلاستیك و چەندین پڕۆژەی دیکە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە کەموکورتی لە ئەداو کاری کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەرەکانیشماندا نییە، بەڵام شانبەشانی هەنگاوەکانی چاکسازی و هەمواکردنەوەی یاسا و رێنماییەکان، هەنگاویش بەرەو چاکسازی لە نەوعییەتی گرێبەست و رێککەوتنەکانمان لەگەڵ کەرتی تایبەت دەنێین.

*** مەبەستت لەو گۆڕانکارییە لە چوارچێوەی یاسایی و رێکخستنی هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت؟**

- بەڵێ، پڕۆژەی گرێبەستە گشتییەکان دەکرێتە پڕۆژەیەکی ئەلەکترۆنی و دەبنە بنەمای هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی – تایبەت، لە ناوەڕاستی ئەمساڵدا دەکرێتە بواری جێبەجێکردن و بەمشێوەیە تەندەرەکان کە لەلایەن حکومەتەوە رادەگەیەندرێن، بە شێوەیەکی زۆر شەفاف و رێکوپێك رادەگەیەندرێن و قۆناغەکانی راگەیاندن و تەندەر و بەشداریکردن و قۆناغەکانی دواتریشی بە شێوەیەکی شەفاف و روون دەخرێتەڕوو، بەمەش زۆربەی گلەیی و رەخنەکان ناهێڵدرێت، لەئێستاشدا لەو وەزارەتانەی زۆر پڕۆژەیان هەیە، بە شێوەیەکی

**چاکسازی و گەیشتن بە خۆشگوزەرانی ئیرادەی سەرۆکی حکومەت و ویستی خەڵکی کوردستانە، بۆیە هیچ هێز و گرووپێک ناتوانێت ئاستەنگ لە بەردەم ژینگەی سەقامگیریی و ئابووریی کوردستان دابنێت**

**چاکسازی و نەهێشتنی قۆرخکاریی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تەنیا دروشم نییە و لە زۆر بواردا بە کردارەکی دەستی پێکراوە**

ڕێکوپێک سەرقاڵی جێبەجێکردنین و لە ناوەڕاستی مانگی شەش سیستەمی گرێبەستە گشتییەکان و بەئەلەکترۆنیکردنی دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

*** بەو پێیەی ئێوە لە وەزارەتی پلاندانان بەرپرسی سەرەکین لەلایەنی پلاندانان و لەم ڕووەوە ڕەخنەیەکی زۆر هەیە بەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی ستراتیژی، یان هەماهەنگی لە نێوان پلانی سەرەکی حکومەت و پلانی وەزارەتەکان نییە، ئایا لەم ڕووەوە چیتان کردووە؟**

- یەکێک لەو لایەنە باشانەی کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەتی، یەک تیمی و هەماهەنگیی نێوان وەزارەت و دامەزراوەکانیەتی، بۆ نموونە سەرجەم وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون هەیە، هەمووان پێکەوە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان ریزبەندیمان بۆ دەستپێکردنەوەی ئەو پڕۆژە گرنگانە کردووە، لە ئێستادا لە هەوڵی ئەوەداین بەشێکی ئەو پڕۆژانەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا بەهۆی قەیرانی داراییەوە ڕاوەستاون، دەست بە جێبەجێکردنی بکرێتەوە، پلانی ئێمە ئەوەیە پارەیەکی زۆر تەرخان بکەین، بۆ ئەو پڕۆژە ستراتیژی و گرنگە زۆرانەی کە ڕاوەستاون، بۆ ئەوەی لە هەموو پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە و ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیان ئەو پڕۆژانەی زۆر پێویستن جێبەجێیان بکەین، دواتر لە پرۆسەی چاکسازی و هەر بوارێکی دیکە پارەیەکی زیاتر بکەوێتەوە گیرفانی حکومەت و داهاتی حکومەت زیاد بکات، بەکاری دەهێنین بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان و تەواوکردنی پڕۆژەکان و تەنانەت جێبەجێکردنی پڕۆژەی نوێ.

*** باس لەوە دەکرێت کە هاوسەنگی لەنێوان جێبەجێکردنی پڕۆژەکاندا لەنێوان پارێزگاو دەڤەرو ناوچەو تەنانەت قەزاکانیشدا نییە، ئێوە لە وەزارەتی پلاندانان تاچەند هەوڵی ئەوەتان داوە بە یەکسانی سەرجەم ئەو پڕۆژانە لەنێوان پارێزگاو ناوچەکاندا جێبەجێ بکرێت؟**

پڕۆژەکان لەساڵانی ڕابردوو لەئێستاو داهاتووشدا لەسەر بنەمای دادپەروەری و ئەو ڕێژەیەی دانیشتووانەی هەمووان لە سەری ڕێککەوتوون، جێبەجێ دەکرێن، ئەویش بەمشێوەیەیە: (لە هەولێر ٣٤٪ و ٢٣٪ بۆ پارێزگای دهۆکە و ٤٣٪ی بۆ پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین)ە، هەرچی پڕۆژەیە کە پێشنیار دەکرێت و ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت و دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەسەر ئەو بنەمایە دەکرێت و لەپلانی ٢٠٢٠یشدا هەر بەهەمان شێوە دەبێت، هەندێک جار ئەو پارەیەی تەرخان کراوە بۆ پڕۆژەیەک لە پارێزگایەک نەتوانراوە جێبەجێی بکەن و گەڕاوەتەوە، حاڵەتێکی دیکەش هەیە بەوەی کەرتی تایبەت ئامادەیە لە پارێزگایەک بە قەرز کار بکات، وەک لە جێبەجێکردنی پڕۆژەی شەقامی ١٢٠ ی لە هەولێر هەبوو، کە کۆمپانیاکە هیچ پارەیەکی ئەوتۆی وەرنەگرتووە، تەنانەت بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی شەقامی ١٥٠ مەتریش بە هەمان شێوە بەقەرز جێبەجێ دەکرێت، هیواداریـن لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا پڕۆژەی ١٠٠ مەتریش لە سلێمانی جێبەجێ بکرێت و بگرە لە هەموو پارێزگاکان پڕۆژەی وا گەورە و ستراتیژی جێبەجێ بکرێت. بەرنامەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە بە هیچ شێوەیەک جیاوازی نەکرێت لە نێوان پارێزگاکان و غەدر لە هیچ پارێزگایەک نەکرێت و لەمەشدا لە هیچ وەزارەت و دامەزراوەیەک قبووڵ ناکات جیاوازی بکات، هەر بۆیە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیان لەوە دڵنیا دەکەینەوە کە ئەو قسەو باسانەی لەناو هەندێک میدیا بۆ موزایەدەی سیاسی باس دەکرێت، نە رووی داوە و نەدەشهێڵین لە داهاتوودا ڕووبدات، من خۆم خەڵکی سلێمانیم و لە نزیکەوە ئاگاداری پرۆسەی جێبەجێکردنی پڕۆژەی هەموو وەزارەتەکانم و سەرۆکی حکومەت ڕایسپاردووین کە دادپەروەری و یەکسانی لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان، نەک لەسلێمانی بەڵکو لە سەرجەم ناوچەو دەڤەرەکان بە یەکسانی بکرێن و هەر شوێنەو بەپێی ڕێژەی دانیشتووان و ئەو پشکەی بەری دەکەوێت، پڕۆژەیان بۆ جێبەجێ بکرێت، لە ئێستاشدا هەموو ئەو پڕۆژانەی وەزارەتەکان داوایان کردووە، جێبەجێی بکەن، هاتۆتە لامان و کۆمەڵێک پڕۆژە ڕەزامەندی لەسەر دراوە، کە بکەوێتەوە بواری جێبەجێکردن و پارەیان بۆ خەرج بکرێت، ژمارەیەکی دیکەی پڕۆژە ماوە کە ڕێژەیەکی زۆرتری بەر پارێزگای سلێمانی دەکەوێت و لە ئێستادا سەرقاڵی ئەوەین ئەو پڕۆژانەش ڕەزامەندی لەسەر بدرێت و بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە پڕۆژەکان ڕابگەیەندرێت و بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، خۆ ئەگەر لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێک بکەوین و بودجەی پڕۆژەکان زیاتر بێت، ئەوا پارەیەکی زیاتر تەرخان دەکەین و لە ماوەیەکی کەمدا ئەو پرۆسەیە تەواو دەبێت.

**تەنیا لە گرێبەستەکانی کارەبا و چاکسازیی بەرهەمهێنانی کارەبا و ئاشکراکردنی زێدەڕۆییەکان بە ملیۆنها دۆلار بۆ گەنجینەی گشتیی هەرێم گەڕاوەتەوە**

**یەکێک لەو لایەنە باشانەی کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەتی، یەک تیمی و هەماهەنگیی نێوان وەزارەت و دامەزراوەکانیەتی**

**دانیشتووانی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیان لەوە دڵنیا دەکەینەوە کە ئەو قسەو باسانەی لەناو هەندێک میدیا بۆ موزایەدەی سیاسی باس دەکرێت، نە رووی داوە و نەدەشهێڵین لە داهاتوودا ڕووبدات**


الله اكبر

# له ئێستای عێراقدا خەریکە شیعەبوون جێگەی هاووڵاتیبوون دەگرێتەوە



لەگەڵ ئەوەی خواستی خۆپیشاندەرانی عەرەبی شیعەی عێراق کە داواکاریی گشتین بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی و هەلی کار، لە چوارچێوەی داواکاریی گشتی و ڕەوادا دەخوێندرێنەوە و پێکهاتەکانی دیکەی عێراقیش هەمان خواست و نەهەماتییان هەیە، حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٤ـەوە کە هەموویان سەرۆك وەزیرانەکەیان شیعە بوون، لە پرۆسەی دەوڵەتداری و دووبارە بونیادنانەوەی عێراقی دوای دیکتاتۆردا شکستیان هێناوە، ئەو خۆپیشاندانانەی ئێستاش لە شارە شیعییەکانی عێراقدا بەڕێوە دەچن، بەرەنجامی کەڵەکەبوونی ئەو سیاسەتە هەڵەیەی ١٥ ساڵی رابردووە و، هەرێمی کوردستانیش هەر لە سەرەتاوە پشتگیریی خۆی بۆ داوای ڕەوای خۆپیشاندەران پیشان داوە، بەوەی کە حکومەتی عێراق دەبێت وەڵامی خواستی خۆپیشاندەران بداتەوە، بەڵام

**حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٤ـەوە کە هەموویان سەرۆک وەزیرانەکەیان شیعە بوون، لە پرۆسەی دەوڵەتداری و دووبارە بونیادنانەوەی عێراقی دوای دیکتاتۆردا شکستیان هێناوە**

**هێزەکانی حەشدی شەعبی و وتارەکانی هەینیی مەرجەعییەتی نەجەف ئاراستە و جڵەوگیریی خۆپیشاندانەکان دەکەن و، خۆپیشاندەرانیش کە بەشێکیان هەر لە سەرەتاوە وێنەی سیستانی-یان بەرز دەکردەوە، ئەوەیان نەشاردۆتەوە کە تا رادەیەکی زۆر بە وتارەکانی رۆژی هەینیی مەرجەعییەتەوە پابەندن**

**بەپێی ئەو ئامارانەی بڵاودەکرێنەوە، نزیکەی ٨٠٠ کوژراو و ٢٠ هەزار بریندار لە ناو خۆپیشاندەرانی شیعەدا هەیە**

**لە سەرەتای ئەو خۆپیشاندانانە لە پارێزگای میسان، تەنیا دوو کەس سەر بە هێزەکانی عەسائیبی ئەهلی هەق کوژران، ئاستی هەڕەشەکانی قەیس خەزعەلی و فەرماندەکانی دیکەی حەشدی شەعبی گەیشتە ئەو ئاستەی هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەی چوار بەرامبەر بکەن**

**زۆربەی زۆری ئەوانەی لە ناو خۆپیشاندانەکاندا دەکرێنە ئامانج، (ئەوجا دەکوژرێن، یان بریندار دەکرێن)، پێشتر لەلایەن هێزە نەناسراوەکانەوە دەستنیشان کراون و بە پلانێکی تۆکمە دەیانکەنە ئامانج**

ناتواندرێت ئەم خۆپیشاندانانەی عێراق (کە ئەویش شیعە سەرکردایەتیی دەکات)، لە هۆکارە سیاسییەکان دابماڵین، یان پێمان وابێت هیچ هێزێکی سیاسی رۆڵی تێدا ناگێڕێت.

ئەوەی لەماوەی ئەم چوارمانگەی دوایی خۆپیشاندانەکانی شیعەکانی عێراقدا سەرنجی لەسەر چڕ دەبێتەوە، ئەوەیە کە هێزەکانی حەشدی شەعبی و وتارەکانی هەینیی مەرجەعییەتی نەجەف ئاراستە و جڵەوگیریی خۆپیشاندانەکان دەکەن و، خۆپیشاندەرانیش کە بەشێکیان هەر لە سەرەتاوە وێنەی سیستانی-یان بەرز دەکردەوە، ئەوەیان نەشاردۆتەوە کە تا رادەیەکی زۆر بە وتارەکانی رۆژی هەینیی مەرجەعییەتەوە پابەندن.

لە ماوەی ئەم چوارمانگەی خۆپیشاندانەکاندا، بەپێی ئەو ئامارانەی بڵاودەکرێنەوە، نزیکەی ٨٠٠ کوژراو و ٢٠ هەزار بریندار لە ناو خۆپیشاندەرانی شیعەدا هەیە، ئەم ئامارە زۆرەی قوربانیان بۆ خۆپیشاندانی ئاشتییانەی هاووڵاتیان، ژمارەیەکی هێجگار زۆر و مەترسیدارن، بەڵام ئەو پرسیارە لەسەر ژمارەی ئەم قوربانییانە دروست دەبێت، ئەوەیە کە ئایا ئەوانەی دەکوژرێن و بریندار دەکرێن، کێن، بۆ کەس لەسەریان هەڵناداتێ؟ ئەمە لە کاتێکدایە کە لە سەرەتای ئەو خۆپیشاندانانە لە پارێزگای میسان، تەنیا دوو کەس سەر بە هێزەکانی عەسائیبی ئەهلی هەق کوژران، ئاستی هەڕەشەکانی قەیس خەزعەلی و فەرماندەکانی دیکەی حەشدی شەعبی گەیشتە ئەو ئاستەی هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەی چوار بەرامبەر بکەن، لەمەش زیاتر ئەوانەشیان بە سیخوڕی ئەمریکا و ئیسرائیل تۆمەتبار کرد، کە دەستیان لە کوشتنی ئەو دوو کەسەدا هەبووە.

کەواتە بێدەنگیی دامەزراوە سەربازی و ئاسایشییەکانی حکومەتی عێراق و بێدەنگیی تەواوی هێزەکانی حەشدی شەعبی بەرامبەر قوربانیانی خۆپیشاندەر، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی زۆربەی زۆری ئەوانەی لە ناو خۆپیشاندانەکاندا دەکرێنە ئامانج، (ئەوجا دەکوژرێن، یان بریندار دەکرێن)، پێشتر لەلایەن هێزە نەناسراوەکانەوە دەستنیشان کراون و بە پلانێکی تۆکمە دەیانکەنە ئامانج، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە ئەم خۆپیشاندانانەی عەرەبی شیعە بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ خواستە شاراوەکانی هێزەکانی حەشدی و ئامانجەکانی مەرجەعییەتدا یەك دەگرنەوە، بەڵام ئەوانیش چاو لەوانە ناپۆشن کە دوور لە ئامانجەکانی حەشد خۆیان تێکەڵی خۆپیشاندانەکان دەکەن، یان ئامانجێکی نییەت پاکیان هەیە و لە ئامانجە شاراوەکانی حەشد تێ نەگەیشتوون.

تا ئێستا مەرجەعییەتی نەجەف لە وتارەکانی رۆژی هەینیدا، لەسەر دوو پرس راشکاوانە جەختی کردۆتەوە، کە یەکەمیان دەستلەکارکێشانەوەی د.عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراقە، ئەوی دیکەشیان جەختکردنەوە لە پەلەکردن لە کاندیدکردنی کەسێك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی داهاتوو بووە، هەردوو پرسەکەش لە کاتی خۆیدا جێبەجێ کراون، بەڵام بە پشتگیریی تەواوی هێزەکانی حەشدی شەعبی.

دیارە ئەو کەسەی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران کاندید کراوە، (محەمەد تۆفیق عەللاوی)، ئەم کەسایەتییە کە ماوەی نزیکەی دوو مانگە لە لەندەنەوە بە بانگهێشتی سەرۆك کۆمار گەڕاوەتەوە بۆ عێراق، لەسەر راسپاردەی فەرماندەکانی حەشدی شەعبی بووە، وەك د.ئەیاد عەللاوی ئامۆزاشی لە هەفتەی رابردوو لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کەناڵی سۆمەرییە راشکاوانە ئاماژەی پێ کرد و گوتی: «من دژی محەمەد عەللاوی نیم و ئامۆزامە، بەڵام شێوازی کاندیدکردنەکەی پەسند نییە و کاندیدی شەقام نییە و کاندیدی حەشدی شەعبییە».

بەڵام لێرەوە با بزانین، لەو رۆژەوەی محەمەد عەللاوی لە لەندنەوە گەڕاوەتەوە بۆ عێراق، بۆ ئەوەی کاندید بکرێت بۆ سەرۆك وەزیرانی عێراق، پێداگری لەسەر چی دەکات؟ بێگومان هەر لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ عێراق و لە میانەی ئەو چاوپێکەوتنانەی لە کەناڵە عێراقییەکانی وەك شەرقییە و دیجلە و.. هتد) لەگەڵی ئەنجامیان داون، ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نایەوێت خۆپیشاندەران شەقام چۆڵ بکەن، بەڵکو ئەو داوای ئەوە دەکات کە خۆپیشاندەران بەردەوام بن، بۆ ئەوەی ئەو بەرنامەیەی هەیەتی، بتوانێت جێبەجێی بکات، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا بەرنامەکەی محەمەد عەلاوی دەبێت چی بێت؟ بێگومان مادام کاندیدی هێزەکانی حەشدی شەعبییە، ئەوا حەتمەن هەر دەبێت



بەرنامەکەشی بەرنامەی حەشدی شەعبی بێت.

لێرەدا پرسیاری دیکە ئەوەیە کە ئاخۆ دەبێ بەرنامەکەی حەشدی شەعبی چی بێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا حەشدی شەعبی خۆی لێ دوورەپەرێز دەکات و خۆی لێ دەدزێتەوە، بەڵام وەك تەواوی بەرنامەکانی پێشتری کە چۆن بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە هێزەکانی حەشد خۆیان تێکەڵ کاری سیاسی ناکەن و، سەرەنجامیش جڵەوی پرۆسەی سیاسیی عێراقیان کەوتە دەست، ئەوا لە ئێستاشدا ئەوەی دەیانەوێت لە ناو پرۆسە سیاسییەکەدا ئەنجامی بدەن، بە ڕێگەی محەمەد عەللاوی و مانەوەی خۆپیشاندەران لەسەر شەقام دەیکەن و تەسفییەی ئەو لایەنە سیاسییانەی عەرەبی شیعە و سوننەی پێ دەکەن، کە لە رووی عەقیدەوە لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی یەك ناگرنەوە.

لێرەدا ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین و وای دابنێین، کە ئەو خۆپیشاندانانەی ئێستا عەرەبی شیعە دەیکەن، ئەگەر هەمان خۆپیشاندان عەرەبی سوننە بیانکردایە، ئایا وەڵامی هێزەکانی حەشدی شەعبی چۆن دەبوو؟ بێگومان مامەڵەی هێزەکانی حەشدی شەعبی هەمان ئەو مامەڵەیە دەبوو کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی فەلووجە و ئەنبار کردیان و، سەرەنجامیش بووە هۆکاری ئەوەی کە داعش بتوانێت مووسڵ و چەند شارێکی دیکەی سوننەی عێراق بگرێت، ئەم واقیعەی ئێستا کە لەگەڵ واقیعی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠١٤ ی عەرەبی سوننە پێکەوە گرێ دەدەینەوە، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە لە ناو بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا کە ئێستا حەشدی شەعبی بە کردەیی کۆنترۆڵی پرۆسە سیاسییەکەی کردووە، مانای هاووڵاتیبوون تەنیا عەرەبی شیعە دەگرێتەوە، ئەمەش نەك هەموو هاووڵاتییانی عەرەبی شیعە، بەڵکو ئەوانەی لەگەڵ بەرنامە عەقیدییەکەی هێزەکانی حەشدی شەعبی هیچ کێشەیەکیان نییە و هێزی خۆیان دەخەنە پاڵ هێزەکانی ئەوان، بۆ ئەوەی ئەو بەرنامە عەقیدییە جێگەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بگرێتەوە.

**ئەو کەسەی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران کاندید کراوە، (محەمەد تۆفیق عەللاوی)، ئەم کەسایەتییە کە ماوەی نزیکەی دوو مانگە لە لەندەنەوە بە بانگهێشتی سەرۆك کۆمار گەڕاوەتەوە بۆ عێراق، لەسەر راسپاردەی فەرماندەکانی حەشدی شەعبی بووە**

**لە ناو بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا کە ئێستا حەشدی شەعبی بە کردەیی کۆنترۆڵی پرۆسە سیاسییەکەی کردووە، مانای هاووڵاتیبوون تەنیا عەرەبی شیعە دەگرێتەوە**



**پ.ی جەودەت جەعفەر خەتاب**

**شارەزا لەبواری بانک و مامەڵە داراییەکان بۆ گوڵان:**

# حکومەت دەتوانێت لە ڕێگەی چاودێریکردن و بەدواداچوونی بانکە ئەهلییەکانەوە کەرتی بانکی لە کوردستان بەهێز بکاتەوە

# دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر لە چالاککردنی دامەزراوە داراییە نابانکییەکانیش بکاتەوە

چاکسازیی ئابووری و بەهێزکردنی کەرتی تایبەت پێویستی بە سیستەمێکی پێشکەوتووی بانکی و دارایی وا هەیە، کە بتوانێت هاوکار و یارمەتیدەر بێت بۆ پەرەپێدانی بەردەوام و ئەو گۆڕانکارییە ئابوورییەی کە وا چاوەڕوان دەکرێت لە هەرێمی کوردستاندا روو بدەن، بەتایبەتی کە هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٩٠ بانکی ئەهلیی تێدایە، بەڵام توانا و ئەدای کارکردنیان لاوازە و هەندێك لەو بانکانە لە دەرەوەی ئەرکی وەزیفیی خۆیان کار دەکەن، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چۆنیەتی ڕێکخستنی مامەڵە داراییەکان لە هەرێمێکی فیدراڵیدا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر جەودەت خەتاب پرۆفیسۆری یاریدەدەر و شارەزا لە بواری بانك و مامەڵە داراییەکان کردووە، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.

*** کاتێك باس لە کەرتی تایبەت و پرۆسەی پەرەپێدان دەکرێت، راستەوخۆ باس لە سیستەمی بانکی و دارایی دەکرێت، ئێوە چۆن ئەدای بانکەکانی کوردستان هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا دەتوانین بڵێین: میکانیزمی کارکردنی بانکەکانمان هاوشێوەی هەمان سیستەمی کارکردنی هاوچەرخ و وڵاتێکی پێشکەوتووە؟**

- پەرەپێدانی کەرتی بانکی بەشێکە لە پەرەپێدانی ئابووری و دارایی وڵات، هەر لە ڕێگەی سیستەمێکی هاوچەرخی بانکی و مامەڵەیەکی دروستی داراییەوە دەتوانرێت ئابووریی وڵات و کەرتی تایبەت بیووژێندرێتەوە و لە قەیران و گرفتە داراییەکان دەربازمان بێت، یان هەر هیچ نەبێت شوێنەوارەکانی قەیرانەکە لەسەرمان کەم ببێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر باسی بانکی ئەهلیی بازرگانی بکەین، ئەوا دەبینین کە رۆڵێکی کاریگەری ئەوتۆی نابینین لەسەر ئابووری و بووژانەوەی بازرگانی و چالاککردنی کەرتەکانی وەبەرهێنان و بەڵێندەرایەتی، جێگای داخە لە چەند ساڵی رابردوودا هەرچەندە هەرێمەکەمان رووبەڕووی قەیرانێکی سەختی دارایی بووەوە، بەڵام هیچ جووڵەیەکمان بە ئاراستەی چاکسازیی کەرتی بانکی و دارایی نەبینی، هەربۆیە ئاساییە کاتێك ئێمە خاوەنی ٩٠ بانکی ئەهلین کە ٣٥ یان لە هەولێر و ٣٣ بانك لە سلێمانی و ٢٢ بانك لە دهۆك و بە تێکڕا ٦ بۆ ٧ هەزار فەرمانبەری بانکی کاریان تێدا دەکەن، کەچی نەك هیچ رۆڵێکی ئەوتۆیان لە بووژانەوەی هەرێمەکە نییە، بەڵکو لە زۆر رووەوە ئەم بانکانە بە ئەرك و وەزیفەی خۆشیان هەڵناسن، هەندێك لە گرفتانی بانکە ئەهلییەکان، یان بانکە حکوومییەکان پەیوەندی بە خودی ئەو سیستەمە سیاسییەوە هەیە کە عێراقی لەسەر دامەزراوە و دەسەڵاتی بانکی ناوەندی بە دەست بەغداوە حەسری کردووە، چونکە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا دەسەڵاتەکانی بانکی ناوەندی حەسرییە، هەندێك هۆکاری دیکەش پەیوەندی بە لاوازیی ئەدای ئەو بانکە تایبەتییانەوە هەیە، کە ناتوانن بە شێوەیەکی مۆدێرن و هاوچەرخ کار بکەن، تەنانەت بانکە عێراقییەکانیش تەنیا کاری راگرتنی هاوسەنگیی نرخەکان دەکەن و سەرقاڵی فرۆشتنی دۆلارن بە نرخێکی پاڵپشتیکراو و سوود لە جیاوازیی نرخەکە وەردەگرن، ئەمە لە کاتێکدا ئەرك و کاری بانکی بازرگانی زۆر لەوە زیاترە و لە دنیای دەرەوە بانکەکان رۆڵی پاڵپشتیی دارایی و قەرز و تەنانەت کاری وەبەرهێنانیش دەبینن و بە

**لە ڕێگەی سیستەمێکی هاوچەرخی بانکی و مامەڵەیەکی دروستی داراییەوە دەتوانرێت ئابووریی وڵات و کەرتی تایبەت بیووژێندرێتەوە و لە قەیران و گرفتە داراییەکان دەربازمان بێت**

**ئێمە خاوەنی ٩٠ بانکی ئەهلین کە ٣٥ یان لە هەولێر و ٣٣ بانک لە سلێمانی و ٢٢ بانک لە دهۆک و بە تێکڕا ٦ بۆ ٧ هەزار فەرمانبەری بانکی کاریان تێدا دەکەن، کەچی نەک هیچ رۆڵێکی ئەوتۆیان لە بووژانەوەی هەرێمەکە نییە**

**هەندێک لە گرفتانی بانکە ئەهلییەکان، یان بانکە حکوومییەکان پەیوەندی بە خودی ئەو سیستەمە سیاسییەوە هەیە کە عێراقی لەسەر دامەزراوە و دەسەڵاتی بانکی ناوەندی بە دەست بەغداوە حەسری کردووە**

**بانکە عێراقییەکانیش تەنیا کاری راگرتنی هاوسەنگیی نرخەکان دەکەن و سەرقاڵی فرۆشتنی دۆلارن بە نرخێکی پاڵپشتیکراو و سوود لە جیاوازیی نرخەکە وەردەگرن**

**بانکەکانی دەرەوە هەڵدەستن بە پێدانی قەرز و بەشداریکردن لە کاری وەبەرهێنان، بەمەش متمانە و مامەڵە لە نێوان هاووڵاتیان و چین و توێژەکانی دیکە لەگەڵ بانکەکان زیاد دەبێت**

**بانکەکانیش ناوێرن پارە بەقەرز بدەن، چونکە لە ساڵانی رابردوودا نەیانتوانیوە نەک سوودی قەرزەکان وەربگرنەوە، بەڵکو پارەکانیشیان بۆ نەگەڕاوەتەوە**

بڕبڕەی پشتی ئابووری و بەهێزبوونی دادەنرێن. لێرە لە کوردستان گەورە وەبەرهێن و بازرگانەکان بۆ تەحویلی پارە روو لە بانکە بیانییەکان دەکەن، لە دەرەوەی وڵات، یان بە رێگەی LC قەرز لە بانك وەردەگرن، لە رێگەی رەهنکردنی موڵکی زەوی و خانووبەرەوە، هەرچەندە رێگای LC لە هەرێمی کوردستان زۆر پەیڕەوکراو نییە و مامەڵەی نێوان بازرگان و بانك زۆر لاوازە، هاوکات بانکەکانی دەرەوە هەڵدەستن بە پێدانی قەرز و بەشداریکردن لە کاری وەبەرهێنان، بەمەش متمانە و مامەڵە لە نێوان هاووڵاتیان و چین و توێژەکانی دیکە لەگەڵ بانکەکان زیاد دەبێت. بە شێوەیەکی گشتی شوێنەوارەکانی قەیرانی دارایی و ئابووری و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ ئیشوکاری بانکیدا، دۆخەکەی بەرەو خراپتر بردووە و متمانەی نێوان هاووڵاتیان و بانکی زۆر لاواز کردووە، لێرە بانك وەکو قاسەیەکی داخراو کار دەکات، تەنانەت بانکەکانیش ناوێرن پارە بەقەرز بدەن، چونکە لە ساڵانی رابردوودا نەیانتوانیوە نەك سوودی قەرزەکان وەربگرنەوە، بەڵکو پارەکانیشیان بۆ نەگەڕاوەتەوە، بانکە حکوومییەکانیش رۆڵ و پێگەیان لە بانکە ئەهلییەکان باشتر نییە، ئەوان تەنیا بە شێوازێکی دواکەوتوو مووچە دابەش دەکەن، بگرە ئەم بانکانە نەیانتوانیوە پارەی خەڵکی و بەڵێندەرەکانیش لەکاتی خۆیدا و بەپێی پێویست بدەنەوە .

*** باشە لە کاتێکدا کەرتی تایبەت پشت بە سیستەمی ئابووریی بازاڕ ببەستێت و، زۆربەی کارەکانی لە مامەڵە داراییەکاندا بە رێگەی سیستمی بانکی ئەهلی بەڕێوە ببات، ئەی چی بکرێت بۆ ئەوەی سیستەمی بانکی ئەهلی لە هەرێمی کوردستاندا رێك بخرێتەوە و میکانیزمێك لە نێوان بانکی دەوڵەتی و بانکی ئەهلی دروست بکرێت؟**

- بانکی ناوەندی سەرچاوەی سەرەکیی سیولەی نەختینەیی و پارە چاپکردن و چاودێریکردنی بانکە ئەهلیەکان و کەڵەکەکردنی یەدەگی دراوە، هەر بانکی ناوەندیش لە عێراق تەمویلی پارەدارکردنی بانکەکانە، بەڵام دەسەڵاتەکانی ئەم بانکە دەکەوێتە ناو چوارچێوەی دەسەڵاتی حەسریی دەوڵەتی فیدراڵییەوە، بەمەش بانکی ناوەندی نەك هەر مەرجەکانی بانکی ناوەندیی تێدا نییە، بەڵکو ناتوانێت تەمویلی بانکە ئەهلییەکانیش بکات و دراوی دینار چاپ بکات، لە رووی یاساییشەوە توانای چاودێریکردن و بەدواداچوونی کارەکانی بانکی ئەهلیی نییە، چونکە بانکی ناوەندی کە مۆڵەت بە بانکێکی ئەهلی دەدات، پاڵپشتی دارایی و قەرزیشی دەداتێ. کەواتە ئەوەی هەیە، ئێمە کار بە یاسای بانکی ناوەندیی عێراق دەکەین، هەر بەو یاسایانە مامەڵە لەگەڵ بانکە ئەهلییەکانیش دەکەین، راستە لە هەندێك وڵات بانکی ناوەندی ١٠ لقی بانکیی لە شار و ناوچە جیاجیاکان هەیە، بەڵام لەوێش تەنیا یەك بانك پارە چاپ و دەردەکات و سیاسەتی دارایی و نەختینەیی پەیڕەو دەکات و بانکەکانی دیکە رۆڵی هاوکار و یارمەتیدەر دەگێڕن، هەر بۆیە پێویستە لە چوارچێوەی دانوستان و پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا هەوڵی ئەوە بدەین کە بانکی ناوەندی مامەڵەیەکی راست و دروست لەگەڵ لقەکانی بانکی ناوەندی لە هەولێر و سلێمانی بکات، چونکە پێشتر لە هەرێمی کوردستان لقە بانکییەکانی رەشید و رافیدەین پەیوەندیی راستەوخۆیان لەگەڵ بانکی ناوەندی و لەوێشەوە لەگەڵ سەرجەم بانکەکانی وڵاتانی جیهان هەبووە.

*** کەواتە بەپێی قسەکانی ئێوە بێت، ئێمە سیستمی بانکیمان لاوازە و بانکەکانمان وەکو دووکانێکی گەورەن بۆ پارە گۆڕینەوە؟**

- هەموو بانکێکی ئەهلی پێویستە مۆڵەت لە بانکی ناوەندی وەربگرێت، بۆ نموونە: کاتێك بانکی ناوەندیی بەغدا پارە لە مەزادی فرۆشتنی دۆلاردا دەدات بە بانکەکان، تاوەکو ئەوانیش بە نرخێکی پاڵپشتیکراو بیفرۆشنەوە بە بازرگانەکان، یان ئاڵوێری دراوی پێوە بکەن، بەڵام کوردستان بێبەشە لەم پرۆسەیە، لە بەرئەوەی بانکەکانی کوردستان مۆڵەتیان لە بانکی ناوەندیی عێراق نییە، خۆ ئەگەر ئێمە مۆڵەتمان لەگەڵ بانکی ناوەندیی عێراق هەبێت، بانکەکانی کوردستانیش دەبنە یەکێك لەو بانکانەی بە ئازادی لە ناو هەموو عێراقدا مامەڵە و کار دەکەن، لە هەولێر ٣٠٠ بۆ ٣٥٠ مەکتەبی حەواڵە و گۆڕینەوەی دراومان هەیە، کە هیچیان لەو ئاستەدا نین، وەکو ئەوەی لە ناوخۆی وڵاتێکدا بانکە ناوەندی و ئەهلییەکان کار دەکەن، بگرە بانکە ئەهلییەکانی کوردستان مامەڵەکردنیان سەرەتاییە و نەچۆتە قۆناغێکی هاوچەرخەوە.

*** ئایا ئەمە بێ متمانەیی دروست نەکردووە بە بانکەکان، بەتایبەتی بانکە حکومییەکان کە لە بچووکترین قەیراندا پارەیان نەداوەتەوە بە هاووڵاتیان و، بانکە ئەهلیەکانیش توانای پێدانی قەرزیان نییە، خۆ ئەگەر پارەش بە قەرز بدەن، تەنیا لە بوارێکی کەمی وەکو کڕینی ئۆتۆمبێلێکی دیاریکراو بە سوودێکی زۆر و ئیستغلالێکی گەورە دەیدەن؟**

- هەر خۆی لە خۆیدا متمانە لەنێوان بانك و هاووڵاتیاندا نەماوە، لەلایەك توانای دارایی بانکەکانی کوردستان سنووردارە و لەلایەکی دیکەشەوە بانکە حکومی و ئەهلییەکانیش توانای پێدانی قەرزیان نییە، خۆ ئەگەر لە بوارێکی بەدەر لە ئەرك و وەزیفەی بانکی قەرز بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل بدەن، بە ئیستغلالێکی زۆر و بەرزکردنەوەی سوودەکەی بە ڕێژەیەکی زۆر دەیدەن. باشە تۆی هاووڵاتی، یان بەڵێندەر و بازرگان کاتێك ڕوو لە بانکێك دەکەیت، تا قەرزت بداتێ، ئەگەر نەیدا، واتا دەستبەرداری وەزیفەی سەرەکیی خۆی بووە و ڕەسید و پارەی نییە و متمانەت پێی نامێنێت، هەر بۆیە بانکەکانی کوردستان ساڵانە پابەندی حیساباتی خیتامی نابن، لەو کەشفە حسابییەدا شەفافییەت و توانای دارایی بانکەکە دەردەکەوێت و خەڵکی ئاشنا دەبێت بە جموجوڵ و تواناو ئەدای بانکەکە و بوونی سیولەی نەختینەیی پێویست لە ناو بانکەکەدا و متمانەی بۆ دەگەڕێتەوە. سەبارەت بە تەوەرەی دووەمی پرسیارەکەشتان کە تایبەتە بە ئیستغلالکردنی بانکەکان بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل، بە ڕای من ئەوە ئەرکی بانك نییە ئۆتۆمبێل بە سوودێکی زۆر بفرۆشێت بۆ گەورە بازرگانەکانی ئەم بوارە و خەڵکی بخاتە ژێر بارێکی قەرزی قورسەوە، ئەم حاڵەتە دوو لایەنەیە، بۆ نموونە: خەڵکێکی زۆریش هەبووە قەرزی لەو بانکە ئەهلییانە وەرگرتووە و قەیرانی دارایی بەسەردا هاتووە، ئێستا نەك توانای دانەوەی سوودی قەرزەکەیان نییە، بەڵکو توانای دانەوەی قەرزەکەشیان نییە، تەنانەت بانکەکەش ئامادەیە لە سوودی قەرزەکە خۆش بێت، تەنیا لەپێناو ئەوەی پارەکەی بۆ بگەڕێتەوە، بەمشێوەیە مەسەلەکە دوو لایەنەیە، نە هاووڵاتیان متمانەیان بە بانك ماوە و نە بانکەکانیش متمانەیان بە پێدانی قەرز هەیە.

*** ئەم کابینەیە جدییە لە بەهێزکردنی کەرتی تایبەت، واتا بەهێزکردنی کەرتی بانکیش؛ ئایا دەتواندرێت بە یاسا ئەو متمانەیە بگەڕێندرێتەوە و بانکەکان بە ئەرك و وەزیفەی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵسن؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە ڕێگەی بانکە ئەهلییەکان و چاودێریکردن و بەدواداچوونی کارەکانیان کەرتی بانکی لە کوردستان بەهێز بکاتەوە، بەڵام بە مەرجێك دۆخی دارایی و ئابووری سەقامگیر بێت و دۆخی دارایی حکومەت وەکو ئێستا سنووردار نەبێت، چونکە بەهێزبوونی کەرتی بانکی ئەهلی بەستراوەتەوە بە بەهێزبوونی دارایی حکومەت و ئابووریی هەرێمەوە. هەروەها دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاستی پەیوەندییە دارایی و ئابوورییەکانی لەگەڵ بانکە نێودەوڵەتییەکان بەهێز بکات و هاوبەشییەك لەنێوان بانکە ئەهلییەکانی ناوخۆی کوردستان و ئەو بانکە جیهانییانە بدۆزێتەوە، لە ناوخۆشدا ڕێوشوێن و میکانیزمی نوێ بگرێتەبەر، بۆ بەهێزبوونی پەیوەندی لە نێوان بانکی ناوەندیی هەولێر و سلێمانی لەگەڵ بانکە ئەهلییەکاندا، بەپێی ئەو زانیارییانەی من لە بەردەستمدایە، حکومەت بە دوو ئاراستە دەیەوێت لە بواری کەرتی بانکی و داراییدا کاربکات، ئاراستەیەکیان لەگەڵ بەغدا و ئاراستەیەکی دیکەش لە ڕێگەی دەرکردنی هەندێك ڕێنمایی و ڕاسپاردەی تایبەت بە پەرەپێدانی بانکەکان و کاری مەسرەفی لە کوردستان و جموجوڵی کەرتی بانکی بەرەو پێشەوە ببات. لەلایەکی دیکەوە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر لە چالاککردنی دامەزراوە داراییە نابانکییەکانیش بکاتەوە، چونکە ئێستا ئەو دامەزراوانەش لە هەرێمی کوردستان بوونیان نییە، وەکو دەزگای دارایی بۆ LC و بازاڕی کاغەزە داراییەکان و کۆمپانیای هەرەوەزی بۆ بازرگان و سەنەداتی دارایی و کۆمپانیاکانی تەمویلکردنی پڕۆژەی بچووك و بازاڕی پشك و کۆمپانیاکانی پشکداری و چەندین دامەزراوەی دیکەی دارایی، گرفتی هەرێمی کوردستان تەنیا لە ڕووی بانکی و لاوازی ئەدای بانکەکانەوە نییە، بەڵکو لە نەبوونی دامەزراوە داراییەکانیشەوەیە، ئەو دامەزراوانەی لە ئابووریی هاوچەرخدا ڕۆڵی کارا و بەهێزیان هەیە، بووژانەوەی ئابووری و جووڵەی ئابووری و بازاڕ ڕێك دەخەن.

**بانکە حکوومییەکانیش ڕۆڵ و پێگەیان لە بانکە ئەهلییەکان باشتر نییە، ئەوان تەنیا بە شێوازێکی دواکەوتوو مووچە دابەش دەکەن**

**بانکی ناوەندی نەک هەر مەرجەکانی بانکی ناوەندیی تێدا نییە، بەڵکو ناتوانێت تەمویلی بانکە ئەهلیەکانیش بکات و دراوی دینار چاپ بکات، لە ڕووی یاساییشەوە توانای چاودێریکردن و بەدواداچوونی کارەکانی بانکی ئەهلیی نییە**

**ئەگەر ئێمە مۆڵەتمان لەگەڵ بانکی ناوەندیی عێراق هەبێت، بانکەکانی کوردستانیش دەبنە یەکێک لەو بانکانەی بە ئازادی لە ناو هەموو عێراقدا مامەڵە و کار دەکەن**

**بانکەکانی کوردستان ساڵانە پابەندی حیساباتی خیتامی نابن، لەو کەشفە حسابییەدا شەفافییەت و توانای دارایی بانکەکە دەردەکەوێت و خەڵکی ئاشنا دەبێت بە جموجوڵ و تواناو ئەدای بانکەکە و بوونی سیولەی نەختینەیی پێویست لە ناو بانکەکەدا و متمانەی بۆ دەگەڕێتەوە**

# چاک دەزانم سەدر چی دەوێت!

**موقتەدا سەدر بەرامبەر حکومەتەکەی ئەنجومەنی حوکم کە ئەمریکا دایمەزراند، حکومەتێکی رکابەری دامەزراند، بەڵام شکستیی هێنا**

کاتێك لە ٢٠١٧/٧/٩ چاوم بە موقتەدا سەدر کەوت، پێیم گوت: سێ وتارم لەسەر تۆ نووسیوە، بە زەردەخەنەوە گوتی: بۆچی سێ، چوار نا؟ بۆیە ئەمڕۆش دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ، ئەوە وتاری چوارەمیش دەنووسم. ئەوەی هانی دام، ئەم وتارە بنووسم، ڕاڕایی و رەفتاری سیاسیی بوو، بێگومان ئەو پیاوە لە خانەوادەیەکی رەسەن و دیارە و کوڕی بچووکی مەرجەعی ئایینی (محەمەد سادق سەدر)ە کە لە ساڵی ١٩٩٩ لەگەڵ دوو کوڕیدا تیرۆر کران، دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، ئەستێرەی سەدر بەرەو درەوشانەوە هەنگاوی نا، ئەوە بوو پێکدادان لە نێوان لایەنگرانی ئەو و هێزەکانی ئەمریکا رووی دا، دوای ئەوەی رۆژنامەی «الحوزة الناطقة» کە زمانحاڵی سەدر بوو، بە تۆمەتی ئەوەی هانی تیرۆری دەدا، بۆ ماوەی دوو مانگ داخرا، سەدر لە ساڵی ٢٠٠٣ «سوپای مەهدی» دامەزراند، بەمەش پێکدادانەکە پەرەی سەندو لە ساڵی ٢٠٠٨ بووە شەڕێکی راستەقینەی نێوان ئەو و هێزەکانی ئەمریکا، هێزەکانی ئەمریکا هەوڵی زۆریان دا بۆ ئەوەی دەستگیری بکەن، لەبەر ئەوەی بە کوشتنی مەرجەعی ناوداری شیعە عەبدولمەجید خوئی تۆمەتبار کرا، بەڵام سەید عەلی سیستانی هاتە ناو کێشەکەوە و بە رێککەوتنێك کۆتایی بەو ململانێیە هێنا.

موقتەدا سەدر بەرامبەر حکومەتەکەی ئەنجومەنی حوکم کە ئەمریکا دایمەزراند، حکومەتێکی رکابەری دامەزراند، بەڵام شکستی هێنا، من نامەوێ ئەم وتارەم ژیاننامەکەی ئەو بەرجەستە بکات، رەفتاری یەکەم لە ژیانی سیاسیی ئەو لە بەرهەڵستیکردنی داگیرکاریی ئەمریکاوە دەست پێ دەکات، بۆیە سوپای مەهدی دامەزراند، سەدر و گرووپەکەی بە



**د.عەرەفات کەرەم ستونی**
بەرپرسی کاروباری عێراق لە بارەگای بارزانی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کردەی پاکتاوکردنی ترسناك دژی سوننە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ تۆمەتبار کران و لە وەدیهێنانی مەرامەکانیشیدا شکستی هێنا، بۆیە هاتە نێو پرۆسەی سیاسییەوە، لە ساڵی ٢٠٠٤دا دەستبەرداری حکومەتەکەی ئەیاد عەلـلاوی بووەوە و بە ناشەرعی تۆمەتباری کرد، سەدر لە هەموو حکومەتەکاندا بە تین و هێزەوە بەشداریی دەکرد، لە پۆستەکاندا پشکی شێری هەبوو، بەڵام لە کۆتاییدا دەکشایەوە، ئەمەشی لەگەڵ مالیکی و عەبادی و عادل عەبدولمەهدی کرد، ئێستاش کە من ئەم وتارە دەنووسم، لەگەڵ محەمەد تۆفیق عەللاویدا کردی، کاتێ کە بەربژێری کرد، لەوانەیە ئەگەر تۆفیق عەلـلاوی داوای لێبووردنی نەکرد، یان شکستی هێنا لە پێکهێنانی حکومەتدا، ئەوا پشکی خۆی وەدەست دێنێت و دواجار لە نیوەی ڕێگادا دەکشێتەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٧دا سەدر سیاسەتی خۆی گۆڕی، دەستی کرد بە دژایەتیکردنی ئێران، بۆ یەکەم جار لە بەغدا گوێمان لە چەند دروشمێك دەبوو، لەوانە: (ایران برە برە، بغداد تبقى حرة) واتا (ئێران بۆ دەرەوە و بەغداش هەر بە ئازادی دەمێنێتەوە)، لە ساڵی ٢٠٠٨دا سوپای مەهدی هەڵوەشاندەوە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی نوری مالیکی هەڵمەتێکی سەربازیی دژی گرووپەکەی ئەو لە ساڵی ٢٠٠٨ دەست پێ کرد، لە ساڵی ٢٠١٠دا سەدر لەگەل مالیکی ئاشت بووەوە، سوودی ئەو ئاشتبوونەوەیە بریتی بوو لەوەی کە مالیکی بۆ جاری دووەم بووەوە بە سەرۆك وەزیران، هەرچەندە ئەیاد عەلـلاوی لە پێشتر بوو، لەبەر ئەوەی کورسیی لە مالیکی زیاتر بەدەست هێنابوو، لە ساڵی ٢٠١٣دا سەدر وازی لە مالیکی هێنا و پشتگیریی خۆپیشاندانەکانی سوننەی کرد لە

**سەدر و گرووپەکەی بە کردەی پاکتاوکردنی ترسناک دژی سوننە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ تۆمەتبار کران و لە وەدیهێنانی مەرامەکانیشیدا شکستی هێنا**

**سەدر لە سەردەمی عەبادیدا زۆنی سەوز و پەرلەمانی داگیر کرد، چەندین جار هەڕەشەی دەکرد و دووبارەی دەکردەوە، بەڵام ئێستا هیچی پێ ناکرێت**

**گەلی عێراق بەتایبەتی شیعە گەیشتۆتە قۆناغی هەڵچوون و تووڕەیی بەرامبەر ئەو تاقمەی کە هیچیان پێشکەشی ئەو خەڵکە نەکردووە، بۆیە هەموو کەسێک ڕەت دەکەنەوە کە لە ڕێی ئەو حزبانەوە بێن**

**تۆفیق عەللاوی بە ڕێککەوتنی نێوان سائیرونی سەدر و هاوپەیمانیی بینای عامری و بە دەست لە پشتدانی ئێران هاتووە، سەدریش دێت و سەرلەنوێ تویت دەکات کە ئەم پیاوە گەل هەڵیبژاردووە**

**موقتەدا سەدر دەیویست ببێتە رابەری باڵا کە بۆی نەهاتەدی، ویستی ببێتە مەرجەعییەتی عەرەبیی عێراقی، بەڵام نەیتوانی، زۆر حەزی دەکرد کە کۆنترۆڵی خۆپیشاندەران بکات، بەڵام شکستی هێنا**

پارێزگاکانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتیش لە ئەنبار دژی حکومەت، لە ساڵی ٢٠١٤مووسڵ کەوتە دەستی داعش و داگیرکرا، ئەوە بوو سەرایای سەلامی دامەزراند بۆ داکۆکیکردن لە شوێنە پیرۆزەکان، لە شاری سامەڕا نیشتەجێ بوون، لە ساڵی ٢٠١٧دا پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو بەهێز کرد و لە هەمان ساڵیشدا سەردانی سعودیە و ئیماراتی کرد، داوای هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی دەکرد، هاوپەیمانییەکی لە سەرووی تایفەگەریی پێکهێنا، کاتێ بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ هاوپەیمانیی لەگەڵ حزبی شیوعی و ڕەوتی مەدەنیدا کرد، کە بە هاوپەیمانیی سائیرون ناو نرا، ئەوەندە کورسیی بەدەست هێنا کە بتوانێت حکومەت پێك بهێنێت، ئەوە بوو هاوپەیمانیی لەگەڵ بینادا کرد و بەڕێز عادل عەبدولمەهدی-یان وەك تەوافوق کاندید کرد، کە گونجاو بێت بۆ ئەو قۆناغەی عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێت، وەك پیشەی خۆی پشکی شێری لە پۆستەکان بەرکەوت، دواتر لە نیوەی ڕێگا وازی هێنا، ئەو لە دەستکەوت و بەراتدا لەگەڵ حکومەتدایە و لە تەنگانەشدا دژیەتی، ئەمڕۆش دوای ئەوەی د.عادل عەبدولمەهدی دەستی لە کار کێشایەوە، سەدر لەگەڵ عامری ڕێککەوتن کە محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ سەرۆکایەتیی وەزیران کاندید بکەن، بۆ زانیاریش عادل عەبدولمەهدی بە هەمان ڕێگە هاتە سەرحوکم، کەواتە جیاوازیی نێوان ئەو دوو پیاوە چییە؟ لەگەڵ ئەوەی عادل عەبدولمەهدی شارەزایی و ئەزموونی سیاسی و زرنگیی دیپلۆماسی و خەباتی لە عەللاوی زیاترە، کە کەسێکی دینداری گۆشەگیری لاوازە و زۆربەی تەمەنی لە دەرەوەی عێراق وەك بزنێسکار و بازرگان بەسەر بردووە، نەك وەك کەسێکی سیاسی.

ئەم ڕەفتارە سیاسییە جیاوازانەی ژیانی ئەو پیاوە بەڵگەی ڕوونن لەوەی کە لەسەر بڕیارێك جێگیر نابێت و ئارامی نییە، تەنانەت پرەنسیپێکی جێگیریشی نییە، گەمەیەکی سیاسیی مەترسیدار دەکات، پێم وایە ئەو ڕەفتارانە پشتیان بە ئەرزدا دا، کە جارێکی دیکە نەتوانێت هەڵسێتەوە، سەدر پێی وابوو کە دەبێتە پیاوی فریادڕەسی عێراق، هەروەها وای دانابوو کە دەتوانێت ببێتە رابەری باڵا، بەڵێ پێشتر بە ئارەزووی خۆی شەقامی کۆنترۆڵ دەکرد و دەیجووڵاند، ملیۆنان کەسی لە چرکەساتێکدا جووڵە پێ دەکرد، بە چاوی خۆم بینیم لە سەردەمی عەبادیدا زۆنی سەوز و پەرلەمانی داگیر کرد، چەندین جار هەڕەشەی دەکرد و دووبارەی دەکردەوە، بەڵام ئێستا هیچی پێ ناکرێت، کاتێکیش خۆپیشاندانەکان دەستیان پێکرد، ئەو پێی وا بوو کە بە ئاسانی لەگەڵ شەپۆلەکەدا دەڕوات و ڕێنمایی دەکردن، کە لە ئێرانیش بوو، بەردەوام تویتی بڵاودەکردەوە، دواتر گەڕایەوە، ویستی بێتە نێو گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکانەوە، پێی وا بوو پێشوازیی لێ دەکرێت، وەك چۆن لە ساڵی ١٩٧٩ پێشوازی لە خومەینی کرا لە تاران، هەروەها کەسێك کاندید دەکات و حکومەت پێك دەهێنێت، بەڵام شۆك و سەرسامی دایگرت، کاتێ لە گۆڕەپانەکە وەدەر نرا، ویستی بچێتە نەجەف کە شاری خۆیەتی، لەوێش ڕاو نرا، بۆیە بە جارێك تووشی شۆکێکی بەهێز بوو، بۆ ئەو و هەمووان دەرکەوت کە گەلی عێراق بەتایبەتی شیعە گەیشتۆتە قۆناغی هەڵچوون و تووڕەیی بەرامبەر ئەو تاقمەی کە هیچیان پێشکەشی ئەو خەڵکە نەکردووە، بۆیە هەموو کەسێك ڕەت دەکەنەوە کە لە ڕێی ئەو حزبانەوە بێن، بەتایبەتیش ئیسلامییەکان، لەم ماوەیەدا کە چوار مانگە هەر یەك لە ئەلسودانی و ئەلسوهەیل و ئەلعیدانی کاندیدکران و هەموویان ڕەتکرانەوە، چونکە سەر بەو حزبانە بوون، ئەمڕۆش عەللاوی کاندید کراوە، بەڵام ئەویش لە ڕێگەی ئەوانەوە هاتووە، بۆیە پێموایە شەقام هێور نابێتەوە و محەمەد تۆفیق عەللاوی شکست دێنێت، یان داوای لێبووردن دەکات، یان ناتوانێت لە ماوەی دەستووریدا کە سی ڕۆژە حکومەت پێکبهێنێت، لەگەڵ ئەوەی کە خەڵکەکە دەزانێت ئەو پیاوە لە ڕێی گەلەوە نەهاتووە، بۆیە ڕەتکراوەتەوە، وەك چۆن ئەوانەی پێش ئەویش ڕەتکرانەوە، تۆفیق عەللاوی بە ڕێککەوتنی نێوان سائیرونی سەدر و هاوپەیمانیی بینای عامری و بە دەست لە پشتدانی ئێران هاتووە، سەدریش دێت و سەرلەنوێ تویت دەکات کە ئەم پیاوە گەل هەڵیبژاردووە، کە ئەمەش وا نییە، هەرچەندە هەندێ حزبی شیعە ڕازی نەبوون،

سەدریش سەرلەنوێ تویت دەکات و هەڕەشە لە خۆپیشاندەران دەکات، داوا دەکات بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان، گرووپەکەیشی (سەرایا سەلام) بە زەبری هێز چێشتخانەی (تورکی)یان بە خۆپیشاندەران چۆڵکرد کە سەنتەرێکی گرنگی ئەوان بوو، داوای لە هێزە ئەمنییەکانیش کرد کە رووبەڕووی هەموو ئەوانە ببنەوە کە ناهێڵێن قوتابخانە و کۆلێژ و پەیمانگە و زانکۆکان و دەزگاکانی دەوڵەت و فەرمانگەکان بکرێنەوە، پێم وایە کە ئەم بانگەوازە دەبێتە سەرەتایەك -خوانەخواستە- بۆ شەڕی ناوخۆیی نێوان خودی شیعەکان، سەدر هەڵەی کرد لە کاندیدکردنی عەللاوی، چونکە سەرپێچیی لە مەرجەکانی پێشوودا کرد کە لە تویتەکەیدا رایگەیاندبوون بۆ ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆك وەزیران، کە (پێشتر پۆستی نەبووبێت، خاوەنی جووت رەگەزنامە نەبێت، گەندەڵ نەبێت، تایفەگەر نەبێت، لەلایەن حزبەکانەوە کاندید نەکرابێت، لاواز نەبێت...) ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە کە موقتەدا سەدر لە رەوشێکی ئاڵۆز و سەرگەردانیدا دەژی، چونکە دەیویست ببێتە رابەری باڵا کە بۆی نەهاتەدی، ویستی ببێتە مەرجەعییەتی عەرەبیی عێراقی، بەڵام نەیتوانی، زۆر حەزی دەکرد کە کۆنترۆڵی خۆپیشاندەران بکات، بەڵام شکستی هێنا، شۆکبوونەکەشی لەوەدا دەرکەوت کاتێ داوای خۆپیشاندانی ملیۆنی کرد بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، بەڵام ژمارەیەکی کەم بۆ چەند سەعاتێك ئامادەبوون، ئەویش بە زەبری پارە و فەرمانی توند، هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو کە لە تارانەوە داوای ئەو گردبوونەوەیەی کرد، هەروەها چەند تاقمێکی چەکداری لەگەڵدا بوو کە بە کوشتنی خۆپیشاندەران تۆمەتبار کرابوون، کە ئەوانیش بە لایەنی سێیەم ناسراون، وەك عەسائبی ئەهلی حەق و نوجەبا و حزبوڵڵا و زۆری دیکە لەو تاقمانە.

سەدر کۆتایی هات و جەماوەرەکەی و کاریگەریی لە شەقامی عێراق پووکایەوە، ئەمڕۆش چەند دروشمێك لە ناو خۆپیشاندەراندا دەبیستین کە دەڵێن: «موقتەدا دەست هەڵگرە و گەل تۆی ناوێت.» تاکە بژاردە کە بۆ سەدر دەمێنێتەوە، بە بۆچوونی من ئەوەیە کە ببێتە نوێنەری راستەقینەی ولایەتی فەقیە لە عێراق، بەتایبەتیش کە دوای کوشتنی سولەیمانی ئێران لە دۆخێکی لاواز و هەرەسدا دەژی، بۆیە هەوڵ دەدات کەسایەتییەك دروست بکات لە ئایندەدا پشتی پێ ببەستێت، ئەو دواجار دەرکی بەوە کرد، بەتایبەتیش دوای دەرچوونی خۆپیشاندەران بەم شێوە چاوەڕواننەکراوە (کە هەر لە بنەڕەتدا دژی دەستڕۆیشتوویی ئێران و دەستتێوەردانی ئەو وڵاتەن). بۆ ئێران باشترین چارەسەر ئەوەیە کە کەسێك رۆڵی قاسم سولەیمانی بگێڕێت لە عێراق، رەنگە سەدر چاکترین جێگرەوە بێت، بۆیە دەوڵەتانی کەنداو دەستبەرداری سەدر بوون، بەتایبەتیش سعودیە، دوای ئەوەی زانی کە ئەم پیاوە ئەوە نییە لە ئایندەدا پشتی پێ ببەسترێت، لە راستیدا ئێران چی دیکە پشت بەو تاقمە چەکدارانە نابەستێت کە بە کوشتنی خۆپیشاندەران تۆمەتبارن، چونکە لە عێراق رەتکراونەتەوە، هەروەها چیدی پشت بە حزبە سیاسییەکان نابەستێت کە لەلایەن خودی شیعەکانەوە رەتکراونەتەوە، رەنگە موقتەدا سەدر لەم قۆناغەدا چاکترین جێگرەوە بێت، پرسیارم لە بەڕێز عەممار حەکیم کرد: «چۆن دەکرێت موقتەدا سەدر لە ئێران بێت و پێچەوانەی ئەوەش رەفتار بکات کە ئێران لە عێراق مەبەستیەتی؟» وەڵامێکی نەدامەوە کە قەناعەتم پێی هەبێت، لە راستیدا کە ئەوە تەکتیکێکی سیاسییە کە ئێران بۆ قۆناغێکی ستراتیژیی داهاتوو پەیڕەوی دەکات، تاکو عێراق سەقامگیر بێت، چونکە قەناعەتی وایە کە موقتەدا سەدر پیاوی قۆناغی داهاتووە، بەڵام من قەناعەتم وایە کە ئێران لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتێکی بەهێز و کاریگەرە، بەڵام شکستی هێناوە لەوەی کە گەلی عێراق بۆ خۆی رابکێشێت، تەنیا سەرکردەکانی بۆ خۆی راکێشاوە، نەك گەل، بۆیە گەل تۆڵە دەکاتەوە و هەموو شتێك رەتدەکاتەوە کە بە ئێرانەوە پەیوەست بێت، کاتێکیش خۆپیشاندەران هەموو کاندیدەکانیان رەتکردەوە، ئەوەش لەبەر ئەوە نەبووە کە لێهاتوو نین، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئێران دەستی لە کاندیدکردنیان هەیە لە رێی ئەو حزبە سیاسییانەوە کە وەلایان بۆ ئێران هەیە.

**تاکە بژاردە کە بۆ سەدر دەمێنێتەوە، بە بۆچوونی من ئەوەیە کە ببێتە نوێنەری راستەقینەی ولایەتی فەقیە لە عێراق، بە تایبەتیش کە دوای کوشتنی سولەیمانی ئێران لە دۆخێکی لاواز و هەرەسدا دەژی**

**بۆ ئێران باشترین چارەسەر ئەوەیە کە کەسێک رۆڵی قاسم سولەیمانی بگێڕێت لە عێراق، رەنگە سەدر چاکترین جێگرەوە بێت، بۆیە دەوڵەتانی کەنداو دەستبەرداری سەدر بوون، بەتایبەتیش سعودیە**

**ئێران چی دیکە پشت بەو تاقمە چەکدارانە نابەستێت کە بە کوشتنی خۆپیشاندەران تۆمەتبارن، چونکە لە عێراق رەتکراونەتەوە، هەروەها چیدی پشت بە حزبە سیاسییەکان نابەستێت کە لەلایەن خودی شیعەکانەوە رەتکراونەتەوە**

**ئێران لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتێکی بەهێز و کاریگەرە، بەڵام شکستی هێناوە لەوەی کە گەلی عێراق بۆ خۆی رابکێشێت، تەنیا سەرکردەکانی بۆ خۆی راکێشاوە**



ڤیان سەبری

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# هیوادارین سەرۆک وەزیرانی نوێی عێراق پابەندبێت بە دەستوورەوە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لە نێوان هەرێم و بەغدا

راسپاردنی کاندیدی سەرۆك وەزیرانی عێراق بە مانای کۆتاییهاتنی کێشەکان و ئاساییبوونەوەی دۆخەکە نایەت، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانکارییەکە کە دەبێت هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت، بەتایبەتی کە ئاڵوگۆڕەکانی بەغدا کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت. ئەم پرسە بووە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ ڤیان سەبری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

*** سەرەنجام بارودۆخی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا گەیشتە ئەوەی کە سەرۆك كۆمار کەسایەتییەك بە ناوی محەمەد تۆفیق عەلـلاوی وەك كاندیدی سەرۆك وەزیران بۆ حکومەتی کاتیی عێراق دەستنیشان کرد، دیارە لەو رۆژەوەی کە دەستنیشان کراوە، لەسەر ئاستی شەقام و لایەنە سیاسییەکانی شیعە راوبۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام پرسیاری ئێمە ئەوەیە رای هاوپەیمانیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەسەر ئەم کاندیدە تازەیە چۆنە؟**

- هەر لە دوای دەستلەکارکێشانەوەی د.عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی عێراق، راوبۆچوونی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق و راوبۆچوونی سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستانیش لەم بارەوە ئەوە بووە کە کەسێك راسپێردرێت بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران، کە لەسەر بنەمای دەستوور و کۆدەنگیی شیعە بێت، بە رەچاوکردنی داواکاریی خۆپیشاندەران. چونکە ئێمە وەك فراکسیۆنە کوردستانییەکان، لامان روون و دیارە کە ئەم پۆستە پەیوەندی بە پێکهاتە و فراکسیۆنەکانی شیعەوە هەیە، وەك عورفی سیاسی کە لە عێراقدا هەیە، بۆیە ئێمە ڤیتۆمان لەسەر هیچ ناوێك نییە، ئەگەر لەسەر بنەمای دەستوور و کۆدەنگیی شیعە و راوبۆچوونی خۆپیشاندەرانی لەسەر بێت. چونکە دەستنیشانکردن و راسپاردنی سەرۆك وەزیران دەبێت، یەکەم: لەسەر بنەمای دەستوور بەپێی ماددەی ٧٦بێت. دووەم: پێویستە کۆدەنگیی گەورەترین کوتلەی شیعەی لەسەر بێت. سێیەم: ئێستاکە راسپاردنی سەرۆك وەزیران دەبێت بە رەچاوکردنی داواکاری و بیروبۆچوونی خۆپیشاندەران بێت، کە خۆپیشاندەرانی ئێستای شەقامیش هەر شیعەن.

*** دیارە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدراڵی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە، ئایا ئەوەی ئێوە لە محەمەد عەلـلاوی دەیخوێننەوە، چۆن سەیری هەرێمی کوردستان دەکات؟ دەکرێت بڵێین: پابەند دەبێت بەو رێککەوتنەی کە لە نێوان هەرێم و بەغدا هەیە؟**

- هێڤیدارین سەرۆك وەزیرانی نوێیی حکومەتی فیدراڵ پابەند بێت بە جێبەجێکردنی دەستوور بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکان لە نێوان هەرێم و بەغدا و بەردەوامی و گەشە بەو رێککەوتن و لێکتێگەیشتنانە بدات، کە لە نێوان عێراق (حکومەتی عادل عەبدولمەهدی) و هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە.

*** محەمەد عەلـلاوی لە یەکەم پەیامیدا بۆ خۆپیشاندەران جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کاندیدی حزبە سیاسییەکان بۆ وەزارەتەکان قبووڵ ناکات، بەڵام پشکی کوردستان مەسەلەی حزبی سیاسی نییە، ئایا بە رای ئێوە لە سەر پشکی کوردستان لە حکومەتەکەیدا چۆن مامەڵە دەکات؟**

- تا ئێستا لەسەر ئەم بابەتە هیچ دانوستاندنێك نەکراوە، بەڵام بەگشتی پێویستە هەموو پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق بە هەموو رەنگ و دەنگەکان لە پرۆسەی حکومڕانیی عێراقدا بەشدار بن، تاوەکو حکومەت لە کار و ئەرکەکانیدا سەرکەوتوو بێت.

*** ئێستا پەرلەمانی عێراق لە وەرزی پشووی خۆیدایە، کاندیدی سەرۆك وەزیرانیش تەنیا کاتێکی دیاریکراوی هەیە بۆ ئەوەی کابینەکەی رابگەیەنێت، ئایا پەرلەمان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە تازەیە دەکات؟**

- راسپاردن و تەکلیفکردنی سەرۆك وەزیران کاری پەرلەمان نییە، بەڵکو دوای ١٥ رۆژ لە دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆك وەزیران، سەرۆك کۆمار کەسێك بۆ ئەو پۆستە تەکلیف دەکات، کە دەبێت لە ماوەی یەك مانگدا کابینەکەی پێك بهێنێت، بێگومان ئێستا پەرلەمانی عێراق لە پشوودایە و دەنگدانی پەرلەمان لەسەر کابینەی حکومەت لە دوای پێکهێنانی کابینەکەیە، کە ماوەی یەك مانگی بۆ دیاریکراوە، بەڵام ئەگەر لە کاتێکی دیاریکراودا و لە ماوەی ئەو مانگەدا کابینەی حکومەت پێکهێنرا و پێش تەواوبوونی پشووی پەرلەمان بوو، ئەوە دەکرێت ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دانیشتنێکی نائاسایی ببەستێت و متمانە بە وەزیرەکان و کابینەی حکومەتە تازەکە بدات، یان متمانەی پێ نەدات، لەلایەکی دیکە لەگەڵ تەواوبوونی ماوەی دیاریکراوی پێکهێنانی کابینەکە لەلایەن سەرۆك وەزیرانی راسپێردراو، پشووی پەرلەمانیش تەواو دەبێت، لە کۆبوونەیەکی ئاساییدا دەنگدان بۆ پێدانی متمانە بە وەزیرەکان و کابینەکە تازەکە دەکرێت.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك رێککەوتنی لەگەڵ حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی هەبووە، ئایا ئەم حکومەتە کاتییەی کە دادەمەزرێت، پابەندی ئەو رێککەوتنانە دەبێت؟**

- حکومەتی نوێی عێراق دەبێت بەردەوام بێت لەسەر کار و رێککەوتنەکانی پێش خۆی، تا ئەو کاتەی کە هەڵبژاردنی تازە ئەنجام دەدرێت، پێویست و گرنگە ئەو رێککەوتنانەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق کراون، بەرەوپێشەوە ببردرێن و بچنە بواری جێبەجێکردن.

*** هەتا ئێستا بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ی حکومەتی عێراق لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەند نەکراوە و، بە ریژەی یەك لەسەر دوانزە کارەکان بەڕێوەدەبرێن، ئایا لە ماوەی ئەم حکومەتە کاتییەشدا هەر کار بەو میکانیزمە دەکرێت، یان بەنیازن بودجەکە پەسەند بکەن؟**

- یەکێك لە کار و ئەرکەکانی حکومەتی نوێی عێراقی فیدراڵ پاش وەرگرتنی متمانە لەلایەن پەرلەمانەوە، ئەوەیە کە دەبێت پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ رادەستی ئەنجومەنی نوێنەران بکرێت، بۆ دەنگدان و پەسەندکردنی، بەڵام ئەگەر پرۆژە یاسای بودجە رەوانەی پەرلەمان نەکرا، ئەوا هەر لەسەر شێوەی بودجەی ٢٠١٩ کارەکان بەڕێوە دەبرێن.

**ئەگەر پرۆژە بودجەی ٢٠٢٠ رەوانەی پەرلەمان نەکرا، ئەو لەسەر بنەمای بودجەی ٢٠١٩ کارەکان بەڕێوەدەبردرێن**

**پێویستە هەموو پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق بە هەموو رەنگ و دەنگەکان لە پرۆسەی حکومڕانیی عێراقدا بەشدار بن، تاوەکو حکومەت لە کار و ئەرکەکانیدا سەرکەوتوو بێت**

**لەگەڵ تەواوبوونی ماوەی دیاریکراوی پێکهێنانی کابینەکە لەلایەن سەرۆك وەزیرانی راسپێردراو، پشووی پەرلەمانیش تەواو دەبێت، لە کۆبوونەیەکی ئاساییدا دەنگدان بۆ پێدانی متمانە بە وەزیرەکان و کابینەکە تازەکە دەکرێت**



# بە هاوشێوەی عادل عەبدولمەهدی پێمانوایە محەمەد عەللاوی بە شێوازێکی ڕاست و دروست مامەڵە لەگەڵ کورد دەکات

لەو کەشە ناهەموارە سیاسییەی عێراقدا، کە خۆپیشاندانەکان بەردەوامن و داوای گۆڕانکاریی جەوهەری و بنەڕەتی لە سیستمی حوکمڕانیدا دەکرێت، دواجار سەرۆك کۆماری عێراق کەسێکی وەك کاندیدی سەرۆك وەزیران بۆ حکومەتی کاتیی عێراق دەستنیشان کرد. پرسی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت و پرۆژە یاسای بودجە و دانوستانەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و چەندین هاوکێشەی دیکە و گرنگی سیاسی، تەوەری سەرەکیی ئەم دیدارەی گوڵان لەگەڵ دکتۆر محەمەد شاکر ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێکدەهێنن.

## دکتۆر محەمەد شاکر
### ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# دانوستاندن و ڕێککەوتنەکانی هەرێم و بەغدا لە کوێ کۆتایی هاتووە پێویستە لەوێوە دەست پێ بکاتەوە

*** سەرەنجام بارودۆخی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا گەیشتە ئەوەی کە سەرۆك کۆمار کەسایەتییەك بە ناو محەمەد تۆفیق عەللاوی وەك کاندیدی سەرۆك وەزیران بۆ حکومەتی کاتیی عێراق دەستنیشان کرد، دیارە لەو ڕۆژەوەش کە دەستنیشان کراوە، لەسەر ئاستی شەقام و لایەنە سیاسییەکانی شیعە ڕاوبۆچوونی جیاوازی لەسەر هەیە، بەڵام پرسیاری ئێمە ئەوەیە ڕای هاوپەیمانیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەسەر ئەم کاندیدە تازەیە چۆنە؟**

- بە بڕوای من بەپێی ماددەی ٧٦ گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی کە کوتلەی شیعەن (کوتلەی سائیرون بە سەرکردایەتیی موقتەدا سەدر و فەتح بە سەرۆکایەتیی هادی عامری) سەرۆك وەزیرانیان دەستنیشان و ناوزەد کردووە و دواتر سەرۆك کۆمار، سەرۆك وەزیرانی تازەی تەکلیف کردووە، بەڵام لەبەر تێڕوانینی شەقام و وەرگرتنی متمانەی خۆپیشاندەران، وا نیشان دراوە کە محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیران، لە دوای وەرگرتنی ڕای شەقام و خۆپیشاندەران لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە دەستنیشان کراوە، تاوەکو خۆپیشاندەران و شەقام وابزانن کە لەلایەن حزب و کوتلە سیاسییەکان دەستنیشان نەکراوە، ئەگەرچی سەرەڕای ئەمە دیتمان خۆپیشاندەران و شەقام محەمەد تۆفیق عەللاوی-شیان ڕەت کردەوە، چونکە خۆپیشاندەران مەرجێکیان بۆ سەرۆك وەزیرانی تازە داناوە، کە ئەو کەسە لە ڕابردوو تاقی کراوەتەوە، نابێت دووبارە تاقی بکرێتەوە، بەڵکو دەیانەوێت کەسێك لە نێوخۆپیشاندەران دەستنیشان بکرێت، نەك محەمەد تۆفیق عەللاوی کە بۆ دوو خول وەزیری پەیوەندییەکان و وەزیری گواستنەوە و

**وا نیشان دراوە محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران، لە دوای وەرگرتنی رای شەقام و خۆپیشاندەران لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە دەستنیشان کراوە**

**محەمەد تۆفیق عەللاوی پۆستی لە حکومەتی عێراقی هەبووە، بەڵام هیچ کەیسێکی گەندەڵی نییە**

**لە ساڵی ٢٠١٢ کە نوری مالیکی سەرۆک وەزیران بوو، محەمەد عەللاوی وەزیری پەیوەندیەکان بوو، کێشەی لەگەڵ نوری مالیکی هەبوو و دەستی لەکار کێشایەوە**

گەیاندن بووە، هەر بۆیە لەلایەن شەقامەوە رەت کراوەتەوەو، دەڵێن: ئەو پێشتر تاقی کراوەتەوە و ئێمە دەستنیشانمان نەکردووە، بەڵام لەلای ئێمە وەك فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئەوا ناوزەدکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پەیوەندیدارە بە کوتلە شیعەکانەوە، چونکە بەپێی ئەو توافوق و عورفەی لە عێراق لە دابەشکردنی پۆستەکان پەیرەو کراوە، ئەوا سەرۆك کۆمار بۆ کوردە و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ سوننەیە و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش بۆ شیعەیە. بە بۆچوونی ئێمە وەك فراکسیۆنە کوردستانییەکان محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ ئەو پۆستە کەسێکی گونجاوە و لەلایەن شەقامیش ئێمە ناڵێین هەموویان رەتیان کردۆتەوە، بەڵکو بەشێك لە خۆپیشاندەران لێی رازین، بەڵام زۆرینەیان رەتیان کردۆتەوە، بە بیانووی ئەوەی لە خولەکانی دیکەی حکومەت پۆستی هەبووە. ئەگەرچی محەمەد تۆفیق عەللاوی پۆستی لە حکومەتی عێراقی هەبووە، بەڵام هیچ کەیسێکی گەندەڵی نییە، لە ساڵی ٢٠١٢ کە نوری مالیکی سەرۆك وەزیران بوو، محەمەد عەللاوی وەزیری پەیوەندیەکان بوو، کێشەی لەگەڵ نوری مالیکی هەبوو و دەستی لەکار کێشایەوە، ئێستاش گرنگ ئەوەیە بتوانێت رای خۆپیشاندەرانیش بۆ لای خۆی رابکێشێت، بەوەی کە وەك خۆی ئاماژەی پێ کردووە، داواکاریی خۆپیشاندەران جێبەجێ دەکات و چەند وەزیرێك لە خۆپیشاندەران کە کەسی تەکنۆکرات و بەئەزموون بن، دابنێت و چاکسازی و خزمەتگوزاری ئەنجام بدات.

*** دیارە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدراڵی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە، ئایا ئەوەی ئێوە لە محەمەد عەللاوی دەیخوێننەوە، چۆن سەیری هەرێمی کوردستان دەکات؟ ئایا دەکرێت بڵێین پابەند دەبێت بەو رێککەوتنەی کە لە نێوان هەرێم و بەغدا کراوە؟**

- ئێمە لە بەرەی هیچ کوتلەیەك نین، بەڵکو وەك فراکسیۆنە کوردستانییەکان بەتایبەتی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەو لایەن و بڕیارو کارانەیەن کە لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستاندا بێت و، هاوپەیمانییش لەگەڵ ئەو لایەنە دەکەین، محەمەد عەللاوی سەبارەت بە کورد وای بۆدەچین کە تێڕوانینی باشی هەبێت، چونکە خۆی کەسێکی رۆشنبیر و لیبڕاڵە و لەوانە نییە کە گیرۆدەی بیروهزری توندڕۆی مەزهەبی بێت. ئەو کەسانەی لێبڕاڵین بە واقیعییانەتر مامەڵە دەکەن و پێکهاتەکانی دیکە دەخوێننەوە، بە هاوشێوەی د. عادل عەبدولمەهدی، بۆیە پێمانوایە محەمەد تۆفیق عەللاوی بە شێوازێکی راست و دروست مامەڵە لەگەڵ کورد دەکات.

*** محەمەد عەللاوی لە یەکەم پەیامیدا بۆ خۆپیشاندەران جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کاندیدی حزبە سیاسییەکان بۆ وەزارەتەکان قبووڵ ناکات، بەڵام پشکی کوردستان مەسەلەی حزبی سیاسی نییە، ئایا لەسەر پشکی کوردستان لە حکومەتەکەیدا بە رای ئێوە چۆن مامەڵە دەکات؟**

- محەمەد تۆفیق عەللاوی پێش کۆنگرەی داڤوس لایەنە سەرەکییەکانی شیعەکان رێککەوتبوون بۆ سەرۆك وەزیران کاندیدی بکەن، لایەنەکانیش دەیانویست بۆ پۆستی وەزراتەکان کاندیدی خۆیان هەبێت، بەڵام محەمەد عەللاوی دەیویست خۆی بە کەسانی تەکنۆکرات و دوور لە حزبەکان کابینەکەی پێك بێنێت، کە لە ئەنجامدا محەمەد تۆفیق عەللاوی پۆستەکەی رەتکردەوە، بەڵام لەپاشان لایەنە شیعەکان رازی بوون بە مەرجەکەی محەمەد عەلاوی کە کەسی دوور لە لایەن و حزبەکان بۆ پۆستی وەزیرەکان دەستنیشان بکات، هاوکات محەمەد تۆفیق عەللاوی خۆی ئاماژەی بەوە داوە، کە پێکهاتەکان بێبەش ناکەن و، ئەگەر تەماشا بکەین، لە کابینەی عادل عەبدولمەهدی شیعەکان دوازدە وەزارەتیان هەبوو، سوننە پێنج وەزارەت و کورد کە هەقی خۆی چوار وەزارەت بوو، بۆ زیاتر پشتگیریکردن لە عادل عەبدولمەهەدی لە وەزارەتێکی خۆی خۆش بوو، وەزیرێکیش هی کەمینەکان بەتایبەتی کریستیانەکانە و لەم کابینەی محەمەد تۆفیق ئەگەر چوار وەزارەتیش وەرنەگرین، بە دڵنیاییەوە سێ وەزارەت وەردەگرینەوە. وەزیرەکانی ئێمەش کە دەچنە بەغدا بێگومان نوێنەرایەتیی کورد دەکەن و هیچ نیشانە و وابەستەییەکی خراپ و حزبییان پێوەدیار نییە، بۆیە من بە پێویستی دەزانم لە نێوان لایەنە سەرەکییەکانی

کوردستان بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە خاوەنی ٢٥ کورسیی پەرلەمانییە کە زۆرترین کورسی لە هەڵبژاردنی رابردوو وەك حزب لە پەرلەمانی عێراق بەدەست هێناوە، کە لە کابینەی عادل عەبدولمەهدی دوو وزارەتمان هەبوو، هەروەها یەکێتی کە ئەوانیش یەك وەزارەتیان هەبوو، پێویستە گفتوگۆ بکەن و من وای دەبینم، ئەگەر لە بەرژەوەندیی پرۆسەی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان بێت، ئەوا پارتی دیموکراتی کوردستان لاریی نییە، ئەگەر کەسێکی بێلایەنیش کاندید بکات. پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرجاریش کورسیی خۆی داوەتە لایەنی دیکە و لە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پارتی لە بەشی خۆی تەنازولی بۆ حزب و لایەنەکانی دیکە کردووە و، هەموو کات پارتی دیموکراتی کوردستان قوربانی دەدات، لە کاتێکدا بزانێت ئەو کارە لە بەرژەوەندیی گشتییە و لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخەی عێراقدا، ئەگەر بابەتەکە ئەوە بێت، کە کەسی حزبی کاندید نەکەن و، کەسی بێلایەنی تەکنۆکرات دابنێن بۆ پۆستی وەزارەتەکانی کابینەی نوێ، ئەوە پارتی هیچ لارییەکی نییە، چونکە پارتی خۆی حزبێکی نەتەوەییە و بە چاوێکی حزبی سەیری ئەو بابەتانە ناکات، بەڵام بە مەرجێك ئەوە ببێتە هۆکارێك بۆ سەقامگیریی عێراق و لە هەمانکاتدا لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان بێت، نەك لە دژی هەرێمی کوردستان و تێڕوانینمان وایە حزبەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوە بیر بکەنەوە.

*** ئێستا پەرلەمانی عێراق لە وەرزی پشووی خۆیدایە، کاندیدی سەرۆك وەزیرانیش تەنیا کاتێکی دیاریکراوی هەیە بۆ ئەوەی کابینەکەی رابگەیەنێت، ئایا پەرلەمان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە تازەیە دەکات؟**

- ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەپێی دەستووری هەمیشەیی مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە تازەیەی عێراق دەکات، کە لە ماددەی (٧٦)ی دەستوور هاتووە، کە دوای ئەوەی کوتلەی گەورەی پەرلەمانی کەسێك بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان دەکات، ئەوە سەرۆك کۆماریش ئەو کەسە رادەسپێرێت بۆ ئەوەی لە ماوەی مانگێکدا کابینەی خۆی پێکبێنێت و بەرنامەی حکوومەت دیاری بکات، لەپاش ئەوەی محەمەد تۆفیق عەلاوی کابینە و بەرنامەی خۆی و وەزیرەکانی دیاریکرد و، بە پەرلەمانی راگەیاند، ئەوا پەرلەمان لە کاتێکدا لە پشووش بێت، دانیشتنێکی نائاسایی دەبەستێت و دەنگ لەسەر وەزیرەکان و بەرنامە حکوومییەکەی دەدات، ئەگەریش وەزیر و بەرنامە حکوومییەکە متمانەیان بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران بەدەستهێنا، یان (نیوەی وەزیرەکان کۆی یەك) دەنگیان هێنا کە دەکاتە (١٢) وەزیر، ئەو حکومەتەکە پێکدەهێندرێت، بەڵام لەکاتێکدا لەماوەی ئەو مانگەی بۆی دیاری کراوە، نەیتوانی کابینەکەی پێکبێنێت، ئەوا کەسێکی دیکە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران دەستنیشان و تەکلیف دەکرێت.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك رێککەوتنی لەگەڵ حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی هەبووە، ئایا ئەم حکومەتە کاتییەی کە دادەمەزرێت، پابەندی ئەو رێککەوتنانە دەبێت؟**

- ئەگەر باس لە دامەزراوەیی بکەین، ئەوا عێراق هێشتا دەوڵەتێکی دامەزراوەیی نییە، بەڵام ئێمە کە باس لە دەستوور و یاسا و عورف و دەوڵەتی دامەزراوەیی دەکەین، ئەوا ئەو رێککەوتنانەی کە لە حکومەتی پێشوو ئەنجام دراون، دەبێت حکومەتی تازەش پابەندی بێت، چونکە شاندی حکومەتی هەردوولا (هەرێم و بەغدا) چەند جار سەردانی یەکتریان کردووە و گفتوگۆی تێروتەسەڵ و دراسەی بابەتەکانیان بە وردەکارییەوە ئەنجام داوە، لە پاشان گەیشتوونەتە ئەو رێککەوتنانە، بەڵام دەکرێت گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێتەوە و ئەگەر تێبینییەکیان لەسەری هەبێت، چارەسەری بکەن، چونکە حکومەتی پێشوو کاربەرێکەر بووە و ئەو دەسەڵاتەی نەبوو، بۆ نموونە پرۆژە یاسای بودجە کە نەیتوانی بینێرێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت و پەسند بکرێت. بەڵام ناکرێت ئەو رێککەوتننانە هەڵبوەشێتەوە و بگەڕێنەوە خاڵی سەرەتایی. هاوکات دانوستاندن و رێککەوتنەکان لە کوێوە راوەستاوە و کۆتایی پێ هاتووە، پێویستە لەوێوە دەستی پێ بکەنەوە.

**ئێمە لە بەرەی هیچ کوتلەیەک نین، بەڵکو وەک فراکسیۆنە کوردستانییەکان بەتایبەتی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەو لایەن و بڕیارو کارانەیەن کە لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستاندا بێت**

**وەزیرەکانی ئێمە کە دەچنە بەغدا بێگومان نوێنەرایەتیی کورد دەکەن و هیچ نیشانە و وابەستەییەکی خراپ و حزبییان پێوەدیار نییە**

**عێراق هێشتا دەوڵەتێکی دامەزراوەیی نییە، بەڵام ئێمە کە باس لە دەستوور و یاسا و عورف و دەوڵەتی دامەزراوەیی دەکەین، ئەوا ئەو رێککەوتنانەی کە لە حکومەتی پێشوو ئەنجام دراون، دەبێت حکومەتی تازەش پابەندی بێت**

هوشەنگ ئەسفەندیار شەهابی

پرۆفیسۆری مێژوو و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی بۆستن بۆ گوڵان:

# پاڵنەری سیاسەتەکانی ئەمریکا بەرگرتنە بە بەرفراوانبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران

هوشەنگ ئەسفەندیار شەهابی توێژەری دیراساتی ئێرانییە لە سکوڵی فریدریک پاردی بۆ دیراساتی جیهانی لە زانکۆی بۆستن و لە هەمان کاتدا پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و مێژووە لە هەمان زانکۆ. شەهابی وانەبێژ بووە لە چەند زانکۆی گرنگ و بەناوبانگ وەك زانکۆکانی (هارڤارد، کالیفۆڕنیا، لۆس ئەنجلەس)، لە هەمان کاتدا خاوەنی چەندین کتێبە لەبارەی ئێرانەوە. بە شێوەیەکی گشتی تایبەتمەندە لە بوارەکانی سیاسەت و مێژووی کەلتووریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شیعەگەری و یاسای نێودەوڵەتی. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران و شرۆڤەکردنی ئەو پێشهات و پەرەسەندنانەی بەم دواییە لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا روویان داوە، لەگەڵ ئەگەرەکانی هەڵکشان، یان خاوبوونەوەی ئەو گرژییانە.

# دیمانەی تایبەت



*** وەك شارەزا و تایبەتمەندی كاروباری ئێران و سیاسەتی ئەو وڵاتە، هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەت چییە بۆ ئەو بارگرژی و ناكۆكییانەی لە نێوان ئێران و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا هەیە، بەتایبەتی دوای پەرەسەندنەكانی ئەم دواییەی نێوانیان؟**

- لە راستیدا دەتوانین بڵێین ئەم پەرەسەندنانە نوێ نین، چونكە دەبێت ئێمە ئەو راستیەمان لەبەرچاو بێت كە لە ماوەی ٤٠ ساڵی رابردوودا پەیوەندییەكی خراپ هەبووە لە نێوان ئێران و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا و ئاشكرایە دوای ئەوەی دۆناڵد ترەمپ جڵەوی دەسەڵات و سەرۆكایەتیی گرتەدەست لە ئەمریكا ئەو پەیوەندییانە بەرەو خراپتر و ئاڵۆزیی زیاتر چوون، لەم روانگەیەوە ئەم گرژییانەی نێوان ئەم دو وڵاتە مایەی سەرسوڕمانی من نین، بەڵكو بە پێچەوانەوە من پێشبینی روودانی توندوتیژیی زیاترم دەكرد لە نێوانیاندا.

*** بەڵام تەواوی جیهان دوچاری تاسان و سەرسوڕمان بوو، كاتێك ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ پەنای بردەبەر كردەوەیەكی سەربازی و فەرماندەیەكی سەربازیی گەورە و بەناوبانگی ئێرانی كوشت، كە ئەمە پەرەسەندنێكی پێشبینیكراو نەبوو، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- ئاشكرایە كە ئەوەی رووی دا، دژ و پێچەوانە بوو لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی، كێشەكەش ئەوەیە كە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بایەخ بە یاسای نێودەوڵەتی نادات. لەم روانگەیەوە من دەڵێم ئەوە مەسەلەیەكی زۆر ئاڵۆز نییە لەسەر ئەو بنەمایەی كە كەسانی نێو كۆشكی سپی گرنگی و بایەخ بە رای گشتی نادەن، هەروەها لە خەمی گرتنەبەری هەوڵی دیپلۆماسیدا نین، لە هەمان كاتدا هەوڵی پابەندبوون بە یاسا نێودەوڵەتییەكانەوە نادەن.

**لە ماوەی ٤٠ ساڵی رابردوودا پەیوەندییەكی خراپ هەبووە لە نێوان ئێران و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا و ئاشكرایە دوای ئەوەی دۆناڵد ترەمپ جڵەوی دەسەڵات و سەرۆكایەتیی گرتەدەست لە ئەمریكا ئەو پەیوەندییانە بەرەو خراپتر و ئاڵۆزیی زیاتر چوون**

*** ئەگەر خودی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ و كەسانی نێو كۆشكی سپی بایەخ بە پاراستن و**

**ڕێزگرتن لە یاسای نێودەوڵەتی نادەن، ئایا پێتان وایە پاڵنەر و هۆکاری بڕیارەکانی ئەم ئیدارەیە چین و لە سەر چ بنەمایەك بەتایبەتی لەگەڵ ئێراندا هەڵسوکەوت دەکەن؟**

- من پێم وایە پاڵنەرەکە پتر لەوەدا بەرجەستەیە کە ئەمریکا ترسی لە درێژبوونەوە و بەرفراوانبوونی هەژموونی ئێران هەیە بۆ ئەو وڵاتانەی کەوتونەتە ڕۆژئاوای عێراقەوە. چونکە ئێمە دەزانین قاسم سولەیمانی هێزی لە عێراق و سووریا و لوبناندا هەبوو، کە دەتوانین لەم ڕووەوە بڵێین: ئێران تا ڕاددەیەك هاوشێوەی هێزێکی ئیمپریالیستی کاری کردووە، بۆیە ئەمریکا دەیەوێت ئەم دەستڕۆیشتوویی‌ەی ئێران سنووردار و کەم بکاتەوە، هەرچەندە من دڵنیا نیم لەوەی ئەمریکا لەم هەوڵەیدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، یان نا، بەڵام ئەوەی نکۆڵی لێ ناکرێت، ئەوەیە کە ئەمریکا بەم ئاراستەیەدا هەوڵەکانی خستۆتەگەڕ.

*** پێت وانییە کاتێك ئەمریکا پەنا بۆ کردەوەیەکی لەم شێوەیە دەبات، ئەوا ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی سیاسەت و هەڵمەتی ئەوپەڕی گوشار (کە بریتیە لە سەپاندنی سزای قورسی ئابووری بەسەر ئێراندا) نەیتوانیوە دەرئەنجامە خوازراوەکانی بەدەست بهێنێت؟**

- من پێشتر ئەم جۆرە لێکدانەوەیەم نەبیستووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ڕێی تێدەچێت و بۆی هەیە ئەمە مەسەلەکە بێت.

*** ئەی چۆن لە دەرئەنجام و ئاکامی هەڵمەتی ئەوپەڕی گوشار لەسەر ئێران دەڕوانیت و پێت وایە چ دەستکەوتێك بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەست دەهێنێت؟**

- ئەوەی لەم بارەیەوە دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە ئەم سزایانە بوونەتە هۆی دژوارکردنی دۆخی خەڵکی ئەو وڵاتە و ژیانی هاووڵاتییانی ئاسایی زەحمەت کردووە، چونکە بودجەی ئەو وڵاتە پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت و کاتێکیش ئەو داهاتە کەم دەبێتەوە، ئەوا ئەمە کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر بودجەی وڵاتەکە، بۆ نموونە لەو کەرتە پیشەسازییانەی کە سەر بە دەوڵەتن کێشەی پێنەدانی کرێ و مووچە دروست بووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم وانییە ئەم سزایانە ببنە هۆی ئیفلیجکردن و پەککستنی ئەو وڵاتە، ڕاستە ئێران لە ڕووی ئابوورییەوە دەناڵێنێت و گەشەی ئابوورییەکەی سست دەبێت و بگرە ئابووریش بەرەو داکشان دەچێت، بەڵام پێشبینی داڕووخانی ئابووریی وڵاتەکە ناکەم. بەو پێیە ئەم سزایانەش نابنە هۆی ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە و بە لای کەمەوە ئەمە لە مەودای مامناوەندا ڕوونادات.

*** بەڵام ئەگەر نەبنە هۆی ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە، ئایا نابنە هۆی ئەوەی بڕیاربەدەستانی ناچار بە سازشکردن بکات، بە چەشنێك کە ئامادە بن بۆ دووبارە گفتوگۆکردنەوە لەگەڵ ئەمریکا و گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی دیکە لەگەڵیدا؟**

- لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین



**کەسانی نێو کۆشکی سپی گرنگی و بایەخ بە ڕای گشتی نادەن، هەروەها لە خەمی گرتنەبەری هەوڵی دیپلۆماسیدا نین، لە هەمان کاتدا هەوڵی پابەندبوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە نادەن**

**ئەمریکا ترسی لە درێژبوونەوە و بەرفراوانبوونی هەژمونی ئێران هەیە بۆ ئەو وڵاتانەی کەوتونەتە ڕۆژئاوای عێراقەوە**

**ئێران تا ڕاددەیەک هاوشێوەی هێزێکی ئیمپریالیستی کاری کردووە، بۆیە ئەمریکا دەیەوێت ئەم دەستڕۆیشتوویی‌ەی ئێران سنووردار و کەم بکاتەوە**

وەڵامەکە هەم بەڵێ و هەم نەخێرە، چونکە ئێمە دەبێت ئەو راستییە رەچاو بکەین کە کەسانێك هەن لە نێو دەسەڵاتدارانی ئێراندا کە خوازیاری ئەم دەرئەنجامەن، واتە دەیانەوێت کێشەکە لە رێی گفتوگۆوە کۆتایی پێ بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا کەسانێکی سەختگیریش هەن کە پێیان وایە ئێران ئەرکێکی لەسەر شان و لە ئەستۆیە ئەویش بریتییە لە شەڕکردن، یان بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و پێیان وایە ئەگەر لەم پرۆسەیەدا ژیانیان لەدەست بدەن، ئەوا دەبنە شەهید.

*** ئێوە لە وەڵامەکانتاندا ئاماژەتان بەوە کرد کە پێشبینی توندوتیژی، یان گرژیی زیاترتان کردووە لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا روویدات، ئایا لە ئێستادا چ پێشبینییەکتان هەیە لەم رووەوە و ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە بارگرژییەکانی نێوانیان بەرەو هەڵکشانی زیاتر بچن؟**

- نەخێر، ئەویش لەبەر ئەوەی ئێران دوای کوشتنی قاسم سولەیمانی بە حەزەر و وریاییەوە تۆڵەی خۆی کردەوە، کاتێك دوو بنکەی سەربازی ئەمریکای لە عێراقدا بۆردوومان کرد، خۆ ئەگەر لە ئەنجامی ئەم کارەی ئێراندا کەسانێکی بکوژرانایە، ئەوا توندوتیژی و گرژیی زیاتر روویان دەدا، کەواتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم کاردانەوەیە ئەوا ئەگەری ئەوە نییە هەڵکشانی زیاتر روو بدات، هەرچەندە هەمیشە بۆی هەیە بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا بێت. کەواتە لەم ساتەوەختەدا دەتوانین بڵێین تارمایی شەڕێکی گەورە رەویوەتەوە، بەتایبەتی کە دەبینین چەند وڵاتێکی ناوچەی کەنداو وەك سعودیە و عوممان و قەتەر قسە لەگەڵ ئێراندا دەکەن، چونکە ئەو راستییە بۆ ئەم وڵاتانە روون بۆتەوە کە چیتر ئەوان ناتوانن پشت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ببەستن، چونکە ئەمریکا بۆتە هاوپەیمانێکی متمانەپێنەکراو، لەم روانگەیەوە وڵاتێکی وەك سعودیە دەبێت بکەوێتە گفتوگۆوە لەگەڵ ئێراندا.

*** ئەگەر بێینە سەر شرۆڤەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، یان سیاسەتی ئێران لەم ناوچەیەدا ئەوا ئەم وڵاتە پێی وایە بۆ دوورخستنەوەی هەڕەشەکان لەسەر سنوورەکانی دەبێت پەرە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات لە نێو وڵاتە دراوسێکانی، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ئێران بتوانێت دەستبەرداری ئەم رێچکەیە بێت؟**

- من لەو باوەڕەدا نیم ئێران دەستبەرداری ئەم ستراتیژیەتە بێت، چونکە هاوپەیمانێتییەکانی ئێران لەگەڵ هێزەکانی ناوچەکەدا، هاوپەیمانێتییەکی درێژخایەنە، بەتایبەتی لەگەڵ سووریا و حزبوڵای لوبنان. هەرچەندە لە ئێستادا ئێران هاوکاری و پاڵپشتییەکی کەمتری دارایی بۆ حزبوڵا دەستەبەر دەکات، لەبەر ئەوەی خودی ئێران داهاتێکی کەمتری هەیە، کەواتە من پێم وانییە ئێران دەستبەرداری ئەم هاوپەیمانێتی و دەستڕۆیشتوویيانەی بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئێران زۆر پابەندە پێیانەوە.

*** کەواتە ئێران پێی وایە ئەم وڵاتانە بەشێکن لە گۆڕەپانی بەرگریکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی خۆی و ناکرێت تێیاندا دەستڕۆیشتوو نەبێت، ئایا ئەمە وەسفکردنێکی وردی حاڵەتەکەیە؟**

- من پێم وایە زۆرێك لە کاربەدەستانی ئێران وەك وڵاتێکی بیانی لە باشووری لوبنان، یان تەواوی سوریا ناڕوانن، بەڵکو وەك کۆمەڵە دەوڵەتێك تەماشایان دەکەن کە سەر بەیەك بن، لەم گۆشەنیگایەشەوە بەرگریکردن لە کەسێکی وەك بەشار ئەل ئەسەد هاوشێوەی بەرگریکردنە لە ئێران لە تێڕوانینی ئەواندا.

**ئێران دوای کوشتنی قاسم سولەیمانی بە حەزەر و وریاییەوە تۆڵەی خۆی کردەوە، کاتێک دوو بنکەی سەربازی ئەمریکای لە عێراقدا بۆردوومان کرد، خۆ ئەگەر لە ئەنجامی ئەم کارەی ئێراندا کەسانێکی بکوژرانایە، ئەوا توندوتیژی و گرژیی زیاتر روویان دەدا**

**هاوپەیمانێتییەکانی ئێران لەگەڵ هێزەکانی ناوچەکەدا، هاوپەیمانێتییەکی درێژخایەنە، بەتایبەتی لەگەڵ سووریا و حزبوڵای لوبنان. هەرچەندە لە ئێستادا ئێران هاوکاری و پاڵپشتییەکی کەمتری دارایی بۆ حزبوڵا دەستەبەر دەکات**

**زۆرێک لە کاربەدەستانی ئێران وەک وڵاتێکی بیانی لە باشووری لوبنان، یان تەواوی سوریا ناڕوانن، بەڵکو وەک کۆمەڵە دەوڵەتێک تەماشایان دەکەن کە سەر بەیەک بن**



جۆن مولەر

لە سەنتەری مێرشۆن بۆ دیراساتی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە زانكۆی ئۆهایۆ ستەیت بۆ گوڵان:

# بەرپرسیارێتیی باشتركردنی بارودۆخەكە لە ئەستۆی خەڵكی عێراقە

جۆن مولەر پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانكۆی ئۆهایۆ ستەیت و لە هەمان كاتدا توێژەرە لە سەنتەری مێرشۆن بۆ دیراساتی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە هەمان زانكۆ، خاوەنی چەندین كتێبە لەبارەی چەند پرس و بابەتی گرنگەوە، وەك هەڕەشەكانی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی، تیرۆریزم و دیموكراسی و گۆڕانكارییەكان لە سیاسەتی جیهانی و سیاسەتی دەرەوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەكدا چەند پرسێكی لەگەڵدا شرۆڤەكرد، كە پەیوەست بوون بە هەڵسەنگاندنی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بە شێوەیەكی گشتی و سیاسەتی ئەم ئیدارەیە لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەری ئەوەی ئایا ویلایە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەتوانێت هاوكار بێت بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی ئەم ناوچەیە، یان تێكڕای هەوڵ و دەستێوەردانەكانی دەبنەهۆی خراپتركردن و ئاڵۆزكردنی زیاتری بارودۆخەكە.




*** سەرەتا دەمانەوێت بپرسین هەڵسەنگاندن و شرۆڤەی ئێوە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ چییە؟ ئایا لەجێی خۆیەتی ئەگەر بڵێین سیاسەتێکی تاکلایەنیە؟**

- ئەگەر من بە دەستەواژەیەکی کورت وەڵامی ئەم پرسیارەتان بدەمەوە ئەوا دەڵێم سیاسەتێکی گەمژانەی گرتۆتەبەر.

*** ئێوە بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ بە گەمژانە وەسف دەکەن، ئەی چی دەڵێن سەبارەت بە سیاسەتی ئەم ئیدارەیە لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا سیاسەتێکی روون و جێگیر بەدی دەکەن؟**

- من وەسفکردنەکەی خۆم دووبارە دەکەمەوە و دەڵێم ئەگەر جێگیریش بێت، ئەوا بە شێوەیەکی گەمژانە جێگیرە، بەتایبەتی ئەمە بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو لە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ئێراندا بەدی دەکرێت، هەروەك ئاشکرایە ئیدارەی سەرۆك ترەمپ سیاسەت و چۆنیەتیی مامەڵەکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لەگەڵ ئێراندا پێچەوانە کردەوە، ئەو سیاسەتەی کە سەرۆك باراك ئۆباما گرتیەبەر و باوەڕی وابوو کە ئەگەری ئەوە هەیە دووبارە ئێران ئاوێتەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکرێتەوە، بە چاوپۆشین لە ئاست و ئەندازەی ئەو دوژمنکارییەی لە ئارادا بوو لەگەڵ ئەو وڵاتەدا. لەلایەکی دیکەوە و ئەوەی پەیوەست بێت بە عێراق و ئەفغانستانەوە ئەوا ئەو بەڵێنی دا بە جێهێشتن و کشاندنەوەی هێزەکان لەو دوو وڵاتەدا، بەڵام ئێستا ئێوە دەبینین کە دۆخەکە چۆنە.

*** ئێوە ئاماژەتان بە پێچەوانەکردنەوەی سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لە ئاست ئێراندا کرد لەلایەن ئیدارەی دۆناڵد ترەمپەوە، کە ئاشکرایە ئەم ئیدارەیە تاکلایەنانە لە رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران کشایەوە و دواتر سزای سەختی ئابووریی بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپاند، ئەوەی پێی دەوترێت سیاسەتی ئەوپەڕی گوشار، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئەم سیاسەتە**

**ئیدارەی سەرۆک ترەمپ سیاسەت و چۆنیەتیی مامەڵەکردنی ئەمریکای لەگەڵ ئێراندا پێچەوانە کردەوە**

**ئێرانیش بە دەست چەندین کێشەوە دەناڵێنێت کە دەرئەنجامی ئیدارەدانی گەمژانەی کاروبارەکانە لەو وڵاتەدا**

**لە ئەنجامی دەستێوەردانی ئەمریکا هەلومەرجی ئەفغانستان بەراورد بە رۆژگاری دەسەڵاتی بزووتنەوەی تاڵیبان ئاڵۆزتر بووە**

**ئەوەی روویداوە، هەم لە روانگەی سەربازییەوە و هەم لە گۆشەنیگای سیاسەتی دەرەکییەوە شکستهێنانێکی بەرچاوی ئەمریکا بووە**

**ئەگەر وا بیر بکرێتەوە، یان گریمانەی ئەوە بکرێت کە ئەمریکا دەتوانێت کێشەکانی ئەم ناوچەیە چارەسەر بکات، یان بە ئەندازەیەکی گەورە هاوکار بێت، ئەوا ئەمە بیرۆکەیەکی گومان هەڵگرە**

**ئامانجە راگەیەندراوەکانی بەدی هێناوە؟**

- لە راستیدا من پێم وایە ئەم سیاسەتە دەرئەنجام و ئاکامی پێچەوانەی لێ کەوتۆتەوە. هەرچەندە دەبێت ئەوە بزانین کە ئێرانیش بە دەست چەندین کێشەوە دەناڵێنێت کە دەرئەنجامی ئیدارەدانی گەمژانەی کاروبارەکانە لەو وڵاتەدا، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە دەرئەنجامی سزاکان ئەوە بووە کە پاساوێکی بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران دروست کردووە، هەرچەندە لە هەمان کاتدا ژیانی خەڵکی هەژاری هێندەی دیکە ناهەموار کردووە، واتە ناهەمواریی دۆخی هەژارانی ئەو وڵاتە دوو هۆکاری هەیە، یەکەمیان ئیدارەی خراپی ئەو وڵاتەیە بۆ کاروبارە ئابوورییەکان و هۆکاری دووەمیان سزا ئابوورییەکانە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەپاندوونی بەسەر ئەو وڵاتەدا.

*** ئەی پێشبینی ئەوە دەکەیت کە ئەم سزایانە ئێران ناچار بە سازشکردنی قورس بکەن و لە ئەنجامدا ئێران ئامادە بێت بۆ گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ و واژووکردنی رێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ؟**

- نەخێر، من پێم وانییە پەرەسەندنەکان بەم ئاراستەیەدا بڕۆن، بەڵکو ئەوەی سەرنج دەدرێت ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا پەرەسەندنەکان بە ئاقارێکی پێچەوانەدا دەڕۆن، هەرچۆنێك بێت، ئەگەر ئێران ببوایەتەوە ئەندامێکی ئاسایی، یان ئاوێتەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ببوایە و وەك دەوڵەتێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا بکرایە، ئەوا هەم لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئەو وڵاتە و هەم لە بەرژەوەندیی دەوڵەتە دراوسێکانیشی دەبوو، بەتایبەتی عێراق و کورد.

*** ئێوە باس لەوە دەکەن کە ئەگەر ئێران ئاوێتەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ببێتەوە، ئەوا لە بەرژەوەندیی دەوڵەتانی دراوسێیە و بە پلەی یەك عێراق، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت، ئەوەیە کە عێراق کراوەتە گۆڕەپانی ململانێ و یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا، تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- ئەگەر ئێمە دەستێوەردان و کاریگەریی دەستێوەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراقدا لە بەرچاو بگرین، ئەوا دەکرێت بڵێین ئەنجامەکەی بریتی بووە لە خراپترکردنی دۆخی عێراق بەراورد بە سەروەخت و سەردەمی حوکمڕانیی سەددام حوسێن، هەروەها لە ئەنجامی دەستێوەردانی ئەمریکا هەلومەرجی ئەفغانستان بەراورد بە رۆژگاری دەسەڵاتی بزووتنەوەی تاڵیبان ئاڵۆزتر بووە. لەم روانگەیەوە دەبێت ئەوە بڵێین کە بەرپرسیارێتی باشترکردن و بەرەوپێشبردنی بارودۆخەکە لە ئەستۆی خەڵکی عێراقە و ئەمە بۆ کوردیش هەر راستە، ئەگەر بە راشکاوی بدوێم لەگەڵتاندا ئەوا من نازانم چۆن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت لەم رووەوە هاوکار بێت، بە پێچەوانەوە من باوەڕم وایە هەوڵەکانی ئەمریکا لەم رووەوە تەنیا خراپتربوونی بارودۆخەکەی لێ دەکەوێتەوە. کەواتە من پێم وایە ئەگەر بێت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا نەمێنێت، ئەگەری ئەوە هەیە کە گەلانی ناوچەکە لە دۆخێکی باشتردا بن.

*** کەواتە ئێوە پێتان وانییە هیچ رێگاچارەیەك هەبێت بۆ ئەوەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بتوانێت بیگرێتەبەر تا لەم ناوچەیەدا رۆڵێکی بنیاتنەر و ئەرێنیی هەبێت و هاوکاری وڵاتەکان، بە تایبەتی عێراق بێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان؟**

- ئەگەر ئێمە لە ٢٠ ساڵی تەواوی شکستهێنان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڕوانین، ئەوا ئەگەر پێمان وابێت ئەمریکا دەتوانێت کارێك بکات بۆ باشترکردنی بارودۆخەکە، ئەوە وەك بیرۆکەی شێتانە دەردەکەوێت، چونکە ئەوەی روویداوە، هەم لە روانگەی سەربازییەوە و هەم لە گۆشەنیگای سیاسەتی دەرەکییەوە شکستهێنانێکی بەرچاو بووە. رەنگە پەرەسەندنێکی ئەرێنی لەم رووەوە کە بتوانرێت ئاماژەی پێ بکرێت، بریتی بێت لە ئەنجامدانی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ وڵاتی ئێراندا، ئەگەرچی دواتر ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ تاکلایەنانە پاشەکشەی لێ کرد. هەروەها تۆ بڕوانە وڵاتی پاکستان کە دوایین راوەرگرتن لەو وڵاتەدا کرابێت لەبارەی هەڵوێست و تێڕوانینی خەڵکی ئەو وڵاتە لە ئاست ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەرئەنجامەکەی ئەوەیە کە زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتە وەك دوژمنی



پاکستان لە ئەمریکا دەڕوانن. ئەمە لە کاتێکدا ئەمریکا بە شێوەیەکی ساڵانە چەندین ملیار دۆلار لە شێوەی هاوکاری و کۆمەکی سەربازیدا بەو وڵاتە دەبەخشێت. لێرەدا من ئەو پرسیارە دەکەم، ئایا ئەمە دەستکەوتێکە کە تۆ پارە و کۆمەك و هاوکاری بە وڵاتێك ببەخشێت، بەڵام خەڵکی ئەو وڵاتەدا وەك دوژمن لێت دەڕوانن؟

*** بەڵام پێت وانییە دۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ڕاددەیەك قورس و ئاڵۆزە کە بە ئاسانی ناتواندرێت کێشەکان سنووردار، یان چارەسەر بکرێن؟**

- من ئەوە لەبەرچاو دەگرم کە بارودۆخەکە بێ ئەندازە ئاڵۆزە و، لەسەر ئەم بنەمایەش دەزانم کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کارێکی کەمی لەدەست دێت لەم ڕووەوە، بە چەشنێك ئەگەر وا بیر بکرێتەوە، یان گریمانەی ئەوە بکرێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت کێشەکانی ئەم ناوچەیە چارەسەر بکات، یان بە ئەندازەیەکی گەورە هاوکار بێت، ئەوا ئەمە بیرۆکەیەکی گومان هەڵگرە، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئێمە لە تۆماری پڕ لە شکستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕوانین لەم ناوچەیەدا، ئەوا دەبینین کە ئەوەی ئەمریکا دەتوانێت لەم ڕووەوە بیکات، تەنیا بریتییە لە خراپترکردن و ئاڵۆزکردنی زیاتری دۆخەکە. دواتر من پێم سەیرە دوای ئەو هەموو شکستە چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە ئەمریکا ڕێگاچارەیەکی ڕاست و دروست بگرێتەبەر، بۆ باشترکردنی دۆخی ئەم ناوچەیە.

*** بەڵام هێشتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پلان و دەستپێشخەری ڕادەگەیەنێت و بە بانگەشەی خۆی ئەمانە باشترین نەخشەڕێگان بۆ چارەسەرکردنی زۆرێك لە کێشە درێژخایەنەکانی ناوچەکە هەیە، بەتایبەتی ئەوەی لەم ڕۆژانەدا بە ناوی سەفقەی سەدەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین ڕاگەیەندرا، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- من پێم وایە کێشەکە لەوەدایە کە فەلەستینییەکان ئیعتیرافیان بەوە نەدەکرد کە شەڕەکەیان دۆڕاندووە، هەروەها لە ئێستادا ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە پشتیوانی لە نێو جیهانی عەرەبیدا بۆ فەلەستینیەکان کەم دەبێتەوە، هەروەها لە نێو جیهانی ئیسلامیشدا. دواتر ئەوان بەردەوام پێداگری لەسەر مافی گەڕانەوە دەکەن، کە ئەمە دەرئەنجامی شەڕێکە کە ٧٠ ساڵ پێش ئێستا دۆڕاندوویانە، کە من پێم وانییە ئەمە ڕووبدات.

**پێم سەیرە دوای ئەو هەموو شکستە چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە ئەمریکا ڕێگاچارەیەکی ڕاست و دروست بگرێتەبەر، بۆ باشترکردنی دۆخی ئەم ناوچەیە**

**ئایا ئەمە دەستکەوتە کە پارە و کۆمەک و هاوکاری بە وڵاتێک ببەخشێت، بەڵام خەڵکی ئەو وڵاتەدا وەک دوژمن لێت بڕوانن؟**